الدوافع الإجتماعية للجرائم الإلكترونية - دراسة وصفية وتحليلية
أكرم عبدالجبار عبدالله
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب - جامعة صلاح الدين – أربيل - العراق
akramabdulajabbar123@gmail.com
پ.ى. د زانا أحمد بيرداود
قسم علم الاجتماع - كلية الآداب جامعة صلاح الدين – أربيل – العراق
zana perdawd@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الدوافع الاجتماعية، الجريمة، الجريمة الإلكترونية، المجرم الإلكتروني.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , زانا أحمد بيرداود , أكرم عبدالجبار , الدوافع الإجتماعية للجرائم الإلكترونية – دراسة وصفية وتحليلية, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# الدوافع الإجتماعية للجرائم الإلكترونية - دراسة وصفية وتحليلية

Social scores of cybercrime - a descriptive and analytical study

Akram Abdu Jabbar Abdullah
Department of Sociology - College of Arts - Salahaddin University – Erbil - Iraq
akramabdulajabbar123@gmail.com
prof. d Zana Ahmed Bairdaud
Department of Sociology - College of Arts - Salahaddin University - Erbil – Iraq
zana.perdawd@su.edu.krd

**Keywords** : Social Motives, Crime, Cybercrime, Cybercriminal.

**How To Cite This Article**
Abdullah , Akram Abdu Jabbar , Zana Ahmed Bairdaud ,Social scores of cybercrime - a descriptive and analytical study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

الملخص:
يهدف هذا البحث إلى تحديد أنواع وخصائص الجرائم الإلكترونية، كذلك يهدف إلى كشف الدوافع الإجتماعية كـ(البيئة الأسرية، البيئة التعليمية، بيئة العمل، وتأثير الأقران ووسائل الإعلام) وراء ارتكاب الجرائم الكترونية. تعد هذه الدراسة دراسة نظرية، وقد اعتمد الباحث فيها على المنهج الوصفي التحليلي لعرض وتحليل هذه الدوافع الاجتماعية.
أظهرت نتائج الدراسة وجود أنواع متعددة من الجرائم الإلكترونية، مثل (الهجمات الإلكترونية، الإحتيال، التشهير، إرسال الفيروسات، القرصنة، التهديد، الدخول غير المصرح به إلى الحسابات والبريد الإلكتروني). أما خصائص الجرائم الإلكترونية فتتمثل في: الحرية المطلقة في استخدام الشبكات الكترونية، تجاوز الحدود الجغرافية، وسهولة إخفاء الاسم والهوية، بالإضافة إلى انخفاض التكاليف المادية والمعنوية. وتتضمن الدوافع الاجتماعية لارتكاب الجرائم الإلكترونية ما يلي: بيئة أسرية مفككة، تربية غير سليمة، وجود مشاكل وصراعات مستمرة بين أفراد الأسرة، وغياب الرقابة على استخدام الأجهزة الإلكترونية. كما تشمل العوامل الأخرى: البيئة التعليمية غير الصحية، تفاوت المستويات التعليمية، الاختلاط بأصدقاء السوء أو الرغبة في إثبات الذات ضمن مجموعاتهم. علاوة على ذلك، تعد البطالة، والفقر، والطموح للثراء السريع، وتأثير وسائل الإعلام من خلال ما تعرضه من برامج وأفلام ودراما، أو الاستخدام السيئ لوسائل التواصل الاجتماعي، من الدوافع الرئيسية.
الكلمات المفتاحية: الدوافع الاجتماعية للجريمة، الجريمة الإلكترونية، المجرم الإلكتروني.

يهدف هذا البحث إلى تحديد أنواع وخصائص الجرائم الإلكترونية، كما يهدف إلى تحليل الدوافع الاجتماعية الكامنة وراءها، مثل (البيئة الأسرية، البيئة التعليمية، بيئة العمل و الصدقاء و وسائل الإعلام). و تعد هذه الدراسة دراسة نظرية، وقد اعتمد الباحث فيها على المنهج الوصفي التحليلي لعرض وتحليل الدوافع الاجتماعية لارتكاب مثل هذه الجرائم.
أظهرت نتائج الدراسة وجود أنواع متعددة من الجرائم الإلكترونية، مثل (الهجمات الإلكترونية، والاحتيال والتشهير، وإرسال الفيروسات، والقرصنة والدخول غير المصرح به إلى الحسابات والبريد الإلكتروني). أما خصائص الجرائم الإلكترونية فتتمثل في: الحرية المطلقة في الاستخدام، وتجاوز الحدود الجغرافية، وسهولة إخفاء الاسم والهوية، بالإضافة إلى انخفاض التكاليف المادية والمعنوية. وتتضمن الدوافع الاجتماعية لارتكاب الجرائم الإلكترونية ما يلي: بيئة الأسرية المفككة، التربية غير السليمة، وجود المشاكل والصراعات المستمرة بين أفراد الأسرة و غياب الرقابة على استخدام الأجهزة الإلكترونية، كما تشمل الدافع الأخرى: كلبيئة التعليمية غير الصحية و إرتفاع و إنخفاض المستويات التعليمية، مع الإختلاط بأصدقاء السوء أو الرغبة في إثبات الذات ضمن مجموعاتهم، كذلك تعد البطالة والفقر و الطموح للثراء السريع، وتأثير وسائل الإعلام من خلال ما تعرضه من برامج وأفلام ودراما أو الاستخدام السيئ لوسائل التواصل الاجتماعي، من الدوافع الإجتماعية في إرتكاب الجرائم الكترونية.

Abstract
The objective of this study is to identify the types and characteristics of cybercrimes. It also aims to analyze the underlying social motives for these crimes, including factors related to the family environment, educational environment, work, peers, and media outlets. This is a theoretical study that employs a descriptive-analytical method to present and analyze the social motives for this category of crime.
The findings reveal that there are numerous types of cybercrimes, such as cyber-attacks, fraud and defamation, dissemination of viruses, hacking, and unauthorized access to accounts and emails. The characteristics of cybercrimes include the unrestricted use of electronic networks, their borderless nature, the ease of concealing one's name and identity (anonymity), and low material and intangible costs. The social motives for committing cybercrimes are identified as follows: a disintegrated family environment, improper upbringing, persistent conflicts among family members, and a lack of supervision over the use of electronic devices. Additionally, an unhealthy educational environment, varying levels of educational attainment, association with negative peer groups, or the desire for self-assertion within those groups are contributing factors. Furthermore, unemployment, poverty, the aspiration for wealth, the influence of media through its content in programs, films, and dramas, and the misuse of social media are considered significant social drivers for the perpetration of cybercrimes.

**پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلکترۆنیەکان- توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە**

**أكرم عبدالجبار عبدالله**
**بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- عێراق**
akramabdulajabbar123@gmail.com
**پ.ی. د زانا أحمد بيرداود**
**بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- عێراق**
zana.perdawd@su.edu.krd

**پوختە**
ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی جۆر و تایبەتمەندی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانە. هەروەها ئامانجی شیکردنەوەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (ژینگەی خێزان، ژینگەی خوێندن، ژینگەی کار و هاورێییەتی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن)ە، کە لەپشت ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان. ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی تیۆریە تویژەر بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم جۆرە تاوانانە پشتی بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە چەندین جۆری تاوانی ئەلیکترۆنی هەیە، وەک (هێرشی ئەلیکترۆنی، فریودان و لەکەدارکردنی ناو وناوبانگ، ناردنی ڤایرۆس، هاککردن و چوونە ژوورەوەی بێ مۆڵەت بۆ ئەکاونت و ئیمێلەکان). سەبارەت بە تایبەتمەندی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بریتیین لە ( ئازادی ڕەهای بەکارهێنانی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان، تێپەڕاندنی سنوورەکان، ئاسانی شاردنەوەی ناو و ناسنامە، لەگەڵ کەمی تێچووی ماددی و معنوی). پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان ئەمانەن: ژینگەی لێکتراوازای خێزان و بوونی پەروەردەی نادروست و گرفت و ململانێی بەردەوام لە نێوان ئەندامانی خێزان و نەبوونی چاودێری لەسەر بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها ژینگەی خوێندنی نادروست و بەرزی و نزمی ئاستی خوێندەواری، لەگەڵ تێکەڵبوون لەگەڵ هاوڕێی خراپ یاخود خۆدەرخستن لەنێو ئە گرووپەدا. هەروەها بێکاری، هەژاری، ئارەزوی دەوڵەمەندبوون و کاریگەری ڕاگەیاندن لە پیشاندنانی بەرنامە و فیلم و دراماکان، یاخود خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە پالنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دادەنرێت.
ووشە کلیلیەکان: پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان، تاوان، تاوانی ئەلیکترۆنی، تاوانباری ئەلیکترۆنی.

**پێشەکی**
تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بەجۆرێک بڵاوبوونەتەوە کە هەموو مرۆڤێک کاتێک ئامێری ئەلتکرۆنی بەکاردەهێنێت، دەشێ ڕووبەڕووی ئەو جۆرە تاوانە ببێتەوە، بۆیە ساڵانە چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ کەم کردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە تاوانە ئەنجام دەدرێت وەک: نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدران لە ساڵی (٢٠١٠) ئیمزای لەسەر ڕێکەوتننامەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تاوانکاری کرد. هەروەها ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی (بودابیست) کە بەیەکەم و دیارترین ڕێکەوتننامە دادەنرێت لەبواری تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر لە ساڵی (٢٠٠١) کرا، ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی (٢٠٠٤) چوە بواری جێ بەجێکردنەوە، کە هەوڵێکی تر بوو لە بواری هەماهەنگی نێو دەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی. هەروەها یەکێتی ئەوروپا هەستا بە دانانی پلانێک بۆ پشکنینی کۆمپیوتەرەکان لە دوورەوە لە پێناو بەرەنگاربوونەویە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها وڵاتانی عەرەبیش ڕکەوتننامەیەکیان لە ساڵی (٢٠١٠) تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کرد (حجازي،٢٠٠٦: ١٤٣). لەو چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوە تیۆرییەدا، تیشک دەخەینە سەر پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان وەک ژینگەی خێزان، ژینگەی خوێندن، ژینگەی هاوڕێیەتی، ژینگەی کار و دۆخی ئابووری و ڕاگەیاندن، کە چۆن دەبنە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە.

**یەکەم- ناساندنی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:**

**١- گرفتی توێژینەوەکە:**
سەرەتای ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک، بە دیاریکردنی پرس و گرفتی توێژینەوەکە دەست پێدەکات. تاوان لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بوونی هەیە. تاوان هەر لەسەرەتای هەبوونی مرۆڤ لەسەر زەوەی هەبووە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی یاسا، کولتور، بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، سروشتی ژیانی کۆمەڵگاکان و دۆخی ئابووری. بۆیەش هەندێک ڕەفتار هەیە لەکۆمەڵگایەک بە تاوان دادەنرێت

بەڵام لە هەمان ڕەفتار لەکۆمەڵگایەکیتر بە تاوان دانانرێت. جۆری تاوانەکان و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکان، پێشکەوتنی مرۆڤ، داهێنانی تەکنەلۆجیا، پێشکەوتنی ئامێرە تەکنەلۆجیەکان و هاتنی ئەنتەرنێت گۆڕاون، لەو چوارچێوەیەدا و یەکێک لە گرنگترین جۆری تاوانەکان کە بە درێژایی مێژوو سەری هەڵداوە، تاوانە ئەلیکترۆنییەکانن. لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مۆبایلی زیرەک و ئەنتەرنێت، تاوانی ئەلیکترۆنی سەری هەڵدا و پێشبینی دەکرێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو جۆرە تاوانە زیاد بکات. هەندێک لە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە، پاڵنەری کۆمەڵایەتین و پەیوەندی بە ژینگەی خێزان، ژینگەی خوێندن و فێربوون، باری ئابووری، هاوڕێیەتی و ڕاگەیاندنەوە هەبێت. پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

أ- ئایا جۆر و تایبەتمەندییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان چین؟

ب- ئایا پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان چین؟

**٢- گرنگیەکانی توێژینەوەکە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک ئەنجامدەدرێت کۆمەڵێک سوود و گرنگی هەیە، یەکێک لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بۆمان دەردەکەوێ کە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە تاوانانە چین و چۆن دەناسرێنەوە؟ سوود و گرنگییەکی تر تێگەیشتنە لە جۆرەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، ئەم جۆرە تاوانانە جۆرەکانی زۆرن و بەردەوام لە گۆڕاندان و جۆری نوێ زیاد دەبێت، لێرەدا جۆرەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەبین. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتیانەن کە دەبنە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن تاوانبارانەوە. هەروەها دەبێتە پاشخانێکی زانستی بۆ کتێبخانەی بەشی کۆمەڵناسی و یاسا.

**٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی کاتێک ئەنجامدەدرێت، ئامانجێک یاخود کۆمەڵێک ئامانجی هەیە و هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکان و بەدەرخستنی ڕاستییەکان دەدات. لەو چوارچێوەیەدا ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دەستنیشانکردنی جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ ئاشکراکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە وەک: (ژینگەی خێزان، ئاستی خوێندن و فێربوون، ژینگەی هاوڕێ، ژینگەی کار، ڕاگەیاندن و دۆخی ئابووری).

**دووەم- چەمکەکانی سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

**١- پاڵنەری کۆمەڵایەتی**

پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: بریتیین لەو پرۆسەیە دەروونیيانەی کە بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەجوڵێنن. لەبەر ئەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان ئارەزوو و پێداویستییەکانی خودی تاک لەلایەک و ئەوانی دیکە پێشکەش بە تاکەکان دەکەن، پێویستیيان بە دیدگایەکی فراوانترە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە تێکەڵ ببێت (Folmer,2016:888)

پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیيانەن کە دەوری تاکیان داوە و کاریگەری لەسەر دروست دەکەن و ئاراستەی دەکەن بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو، ئەمەش دەشێ لەلایەن کۆمەڵگاوە پەسەند بێت یاخود پەسەند نەبێت، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی ڕەفتاری تاوانکاری (بیرداود،٢٠١٧: ١٠). هەروەها پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بەو بارودۆخانە پێناسە دەکرێن کە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە دەوری تاک دەدەن، و پەیوەستە بە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بە درێژای هەموو قۆناغەکانی ژیانی، ئەمەش کاریگەری دوور مەودای لەسەر کەسەکە دەبێت لە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی (عبدالستار،٢٠٠٧: ١٦٥)

پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: بریتیین لەو پاڵنەرانەی کە لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگا لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (خێزان، هاوڕێ، کار و خوێندن) یاخود لە ڕێگەی چاودێریکردنی تاکەکانی ترەوە بەدەستدەهێنرێن و هێز و وزە بە تاکەکان دەبەخشن و ئاراستەیان دەکەن بۆ ئەنجامدانی کردار (مراد،٢٠٢٥: ٤)

دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیە بکەین بەوەی کە بریتیین لە: کۆمەڵێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک دەکەن و لە هەندێک کاتدا بەرەو ئاراستەیەکی نەرێنی و دژە یاسای دەبەن.

**٢- تاوان:**

کۆمەڵناسەکان تاوان بە هەر کردەوەیەک یان ڕەفتارێک پێناسە دەکەن کە دژایەتی بەها و بیرۆکە دامەزراوەکانی ناو گروپەکە یان ئەوانەی کە پێچەوانەی بنەما بنەڕەتییەکانی پاراستن و مانەوەی کۆمەڵگا بێت. هەروەها هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی بەها باوەکانی کۆمەڵگان و کاردانەوەی دەسەڵاتی کارامەیان پێویستە بۆ پاراستنی ئەم بەهایانە لە ڕێگەی زۆرەملێ و ناچارییەوە کە بەسەر ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە کردەوانەدا سەپێنراوە (مجيد،٢٠١٩: ١٧) لە ڕوانگەی دورکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) تاوان ئەو کردارەیە کە کۆمەڵگا پێی وایە هەڕەشەیە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی بەها و نەریتە باوەکان، بۆیە بە شێوەی یاسایی یان کۆمەڵایەتی سزا دەدرێت. لێرەدا تاوان تەنها پێشێلکردنی یاسا نییە، بەڵکو پێشێلکردنی نەزم و بەها کۆمەڵایەتییەکانیشە ( Durkheim, 1982, (p. 70

هەروەها تاوان لە ڕووی یاساییەوە بەو کارە پێناسە دەکرێت کە بە پێشێلکردنی یاسای سزادان ڕوودەدات، یان وەک کارێکی نایاسایی کە بە مەبەستێکی تاوانکاری بڕیاری لێدراوە و یاسا سزا یان ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ دیاری دەکات (جاسم،٢٠٠٧: ١٩) مایکل و ئادلێر: پێیانوایە تاوان: بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کردارێک یان ڕەفتارێک کە لە یاسای فەرمی وڵاتدا قەدەغەکراوە و بە تاوان دادەنرێت (Treadwell,2013: 11).

تاوان لە ڕوانگەی دەروونییەوە بە تێرکردنی غەریزەیەکی مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاسایی پێناسە کراوە کە مرۆڤی ئاسایی بۆ تێرکردنی هەمان غەریزە بەکاری ناهێنێت. ئەمەش بەهۆی کەموکوڕییەکی چەندایەتی یان چۆنایەتییەوەیە لەم غەریزەیەدا، کە یەکێک یان چەند پرسێکی تەندروستی دەروونی لەگەڵدایە، و هاوکات بووە لەگەڵ تێکچوونی غەریزە باڵاکان و نەبوونی ترس لە سزا لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا (إبراهيم، ٢٠٠٨: ٢٠)

لە ڕوانگەی ئاینییەوە تاوان: بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە ئایین قەدەغەی کردووە و لە لایەن خودای گەورەوە قەدەغە کراوە و سزای بۆ داناوە (أبوزهرة،١٩٩٨: ٢٠)

پێناسەی تیۆری لەم توێژینەوەیە بۆ چەمکی تاوان: بریتییە لە ئەنجامدانی کردارێک یان ڕەفتارێک کە لەیاسا بە تاوان دادەنرێت و ئەنجامدەری لە دادگا ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە.

**٣- تاوانی ئەلیکترۆنی**

تاوانی ئەلیکترۆنی (Cyber Crime) لە دوو بەش پێکدێت: تاوان (Crime) و ئەلیکترۆنی (Cyber). تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بریتیین لە "پێشێلکارییەکان کە دژی تاکێک یان کۆمەڵێک کەس بەهۆی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان و بەمەبەستی زیانگەیاندن بە ناوبانگی قوربانییەکە یان زیانگەیاندنی ماددی و عەقلی بە قوربانییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی وەک (ژووری گفتوگۆ، پۆست ئەلیکترۆنی و مۆبایل ئەنجامدەدرێن) (Halder & Jaishankar.2012: 13-15)

هەروەها تاوانی ئەلیکترۆنی بەپێی بڕگەکانی دەیەمین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن و سزادانی تاوان، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ڤیەننا بەڕێوەچوو، بەم شێوەیە پێناسە کرا: "هەر تاوانێک کە دەتوانرێت لە ڕێگەی سیستەمی کۆمپیوتەر، تۆڕی کۆمپیوتەر، یان لەناو سیستەمی کۆمپیوتەردا ئەنجام بدرێت، ئەم تاوانە، لە بنەڕەتدا، هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت لە ژینگەیەکی ئەلیکترۆنی ئەنجام بدرێت (إسماعيل،٢٠٢١: ١٧٢)

تاوانی ئەلیکترۆنی: هەموو کارێکی زیانبەخشە بۆ ئەوانی دیکە لەڕێگەی بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی وەکو کۆمپیوتەر، ئامێری مۆبایل، تۆڕەکانی تەلەفۆن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕەکانی

گواستنەوەی زانیاری و ئەنتەرنێت ئەنجامدەدرێت، یاخود بەشێوەکی گشتی بەکارهێنانی نایاسایی کۆمپیوتەر و زانیاری ئەلیکترۆنی لەپێناو بەرژەوەندی کەسی (سیامەند،١٣:٢٠٢١)

(Goni et al,2022:16) تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: ئەو تاوانانەن کە بەرامبەر کەسانێک یان کۆمەڵە کەسانێک ئەنجام دەدرێن، بە پاڵنەرێکی تاوانکاری بۆ ئەوەی بە ئەنقەست زیان بە ناوبانگی قوربانییەکە بگەیەنن، ئینجا ئەوە زیانی جەستەیی، دەروونی یان زیان گەیاندن بە ناوبانگی قوربانییەکە بێت. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی مۆدێرن وەک ئینتەرنێت.

دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی تاوانی ئەلیکترۆنی لەم توێژینەوەیە بکەین بەوەی کە بریتییە: لەو جۆرە تاوانانەی کە بەرامبەر کەسێک یان گروپێک لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ئەنجامدەدرێن. بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەلای بکەرەکەوە کە یاسای قەدەغەی کردووەی و بە تاوانی داناوە و سزاشی بۆ دیاریکردووە.

**٤- تاوانباری ئەلیکترۆنی:**

بەشێوەیەکی گشتی تاوانبار ئەو کەسەیە کە سەرپێچیەکی کردووە دژی یاسایە و بەم هۆیەوە سزادراوە (هەمەوەند،٢٠١٩: ٤٤)

بەڵام تاوانباری ئەلیکترۆنی: ئەو جۆرە تاوانبارە، کەسایەتییەکی نوێیە لە جیهانی تاواندا، تەنها دزێک یان ساختەچییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو تاوانبارێکە کە توانای تەکنیکی بەرزی هەیە، ئاشنایە بەو توانایانەی کە لە سیستەمی زانیاریدا بەکاردەهێنرێن، دەتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی تواناکانی کۆدە نەهێنیەکانی سیستەمەکە بکاتەوە و بچێتە ناو سیستەمەکە بۆ گۆڕینی زانیاری، هاککردنی بەرنامەکان، یان گواستنەوەی زانیارییەکان (العریان،٢٠٠٤: ٣٧)

(أمین و هیبة، ٢٠٢١: ٧٦) تاوانباری ئەلیکترۆنی بریتیە لە ئەنجامدانی هەر کردارێکی تاوانکارانە کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، تۆری ئینتەرنێت یان سیستەمە دیجیتاڵەکانەوە ڕوودەدات، یان ئەو کردارەی کە ئامانجی سەرەکییەکەی زیان گەیاندن سیستەم و داتای ئەلیکترۆنییەکانن (Thomas & Lodar,2000: 5). یان تاوانباری ئەلیکترۆنی کەسێکە کە بە شێوەی ئەنقەست و بێ ڕەزامەندی یاسایی کردارێکی تاوانبار دەکات لە فضا و شەبەکەکانی دیجیتاڵی بە مەبەستی زیانگەیاند بە دارایی، زانیاری تایبەتی، ناوبانگی کەسان یان دامەزراندنەکان (Wall, 2007, p. 12)

پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی تاوانباری ئەلیکترۆنی: ئەو کەسەیە کە خاوەن زانیاری و شارەزاییە لە بەکارهێنانی ئامراز و ئامێرە تەکنەلۆجییەکان و ئاشنای ئەو ڕێگایانەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێ بچێتە ناو سیستەمی زانیاری کەسێک، بانکێک یان دامەزراوەیەک، و تیایدا وێنە، ڤیدیۆ و زانیارییە تایبەتەکانی کەسێک یان گروپێک بەشێوەیەکی نایاسایی ببات و بەکاری بهێنێت بەشێوەیەک کە زیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسەکە بگەیەنێت، و لە ڕووی یاساییەوە بە تاوان هەژمار دەکرێت.

**سێیەم- توێژینەوەکانی پێشوو**

**١- توێژینەوەی ڕەوان سوبحی عبداللە (٢٠٢)** کاریگەرییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا: ئافرەتانی بەکارهێنەر لە هەرێمی کوردستاندا وەک نموونە- توێژینەوەیەکی مەیدانییە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: دیاریکردنی ڕێژەی بەرکەوتنی ئافرەتانی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان. جۆری توێژینەوەکە وەسفیە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم ئافرەتانی هەرێمی کوردستانە. جۆری نموونەی توێژینەوەکە ناهەڕەمەکی مەبەستدارە، قەبارەی توێژینەوەکە( ١٢٣ )یەکەیە، توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

١- ڕێژەیەکی بەرزی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، و پلاتفۆڕمی سناپ چات بە پلەی یەکەم.
٢- ڕێژەی لە (٧٩٪)ی ئەو ئافرەتانەی تۆڕە کۆمەڵایتییەکان بەکاردەهێنن، بوونەتە قوربانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.
٣- ڕێژەی لە (٤٨٪)ی سامپڵی توێژینەوەکە تاوانی ئەلیکترۆنی دەگەڕێننەوە بۆ پاڵنەری قازانجی دارایی، و بە ڕێژەی لە (١٩٪) پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو تاوانانە دەگەڕێنەوە بۆ حەزی زانین و سەرکێشی کردن، ڕێژەی لە (١٧٪) پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەگەڕێننەوە بۆ پاڵنەرە کەسییەکان، هەروەها ڕێژەی (١٤٪) پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە دەگەڕێننەوە بۆ حەزی دەرکەوتن و پەیداکردنی ناوبانگ.

**٢- توێژینەوەی وریا معروف حمدسعید (٢٠٢٣)** پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تاوان – فەیسبووک بە نموونە- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ڕوانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی چاکسازی گەورانی شاری هەولێر.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: دەرخستنی پەیوەندی نێوان تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە تاوانەوە، هەروەها زانینی کاریگەری فەیسبووک لەسەر ئاراستەکردنی تاک و کاریگەری لەسەر ڕەفتار و کەسایەتی، لەگەڵ ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان لە ڕێگەی فەیسبووکەوە. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی چۆنایەتییە، ڕێبازی توێژینەوەی بار (حاڵەت) ی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە، ژمارەی یەکەکانی توێژینەوەکە (١١)تاوانبارن لە دەزگای چاکسازی گەورانی شاری هەولێر. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەی بەکارهێناوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:
١- کۆمەڵێک تاوانی سایبەری هەیە کە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ئەنجامدەدرێت لەوانە (بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان، ناوزڕاندن، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی تایبەتی کەسەکان و هاککردن).
٢- لەڕێگەی پەیوەندییەوە تاوانبارەکان، بەتایبەت ئەوانەی ئارەزووی هەمان تاوانیان هەیە، یەکتری دەدۆزنەوە و گروپی تاوانی دروست دەکەن.
٣- کۆمەڵێک پاڵنەر هەن بۆ ئەوەی تاوانبار لە ڕێگەی فەیسبووکەوە تاوانی ئەلیکترۆنی ئەنجامبدات، وەکو ( تۆڵەسەندنەوە، قازانجی دارایی، بێکاری و فێربوون لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی پرۆفایلی بەکارهێنەرانی فەیسبووکەوە).

**٣- توێژینەوەی وفاء محمد علي محمد (٢٠٢١)** ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان – لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریە بۆ ناوەڕۆکی نموونەیەک لە کەیسەکان لە دادگای سۆهاج *

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە، دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی، و زانینی جۆر و شێوازی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان. توێژەر لە توێژینەوەکەی ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە (دادگای سوهاگ)ە لە وڵاتی مصر. نموونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازی پرسیارنامە بەکارهاتوە، ١٢ کەسی وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامراز چاوپێکەوتن و تێبینی ناڕاستەوخۆ بەکارهێناوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:
١- هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بریتیین لەهۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابووریی و تۆڵەسەندنەوە.

---

* توێژینەوەی وفاء محمد علي محمد (٢٠٢١) الأبعاد الإجتماعية للجرائم الكترونية- دراسة تحليلية لمضمون عينة من القضايا في محكمة سوهاج.

٢- زۆربەی شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی واتسئەپەوەیە. تاوانبارەکە لە ڕێگەی ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی لە ئیمەیڵ، واتسئەپ و فەیسبووکەوە دەستەواژەی سووکایەتیکردن و ناوزڕاندنی بەکارهێناوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وێنەی کەسی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ناوبانگی کەسەکە، بەمەش قوربانییەکە ناچار کراوە خۆی ئەم تاوانانە ڕابگەیەنێت.

**٤- توێژینەوەی فریشتە مومینی(٢٠٢٤)** کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتوری و تاکەکسیەکان لەسەر تاوانە ئەلیکترۆنییەکان*

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە، زانینی کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتوری و تاکە کەسییەکان لەسەر ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان. توێژەر لە توێژینەوەکەی ڕێبازی وەصفی لەڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە زاهیدانە لە وڵاتی ئێران. جۆری نموونەی هەڕەمەکی سادەی بەکارهێناوە، کە ٤٥٠ کەسی پێکهاتوون. توێژەر ئامرازی پرسیارنامەی بۆ کۆکردنەوەی کارهێناوە. ئامرازی ئاماری SPSSی بەکارهێناوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:

١- هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕۆڵێکی زیاتر دەگێڕن لە ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بەراورد بە هۆکارە تاکە کەسییەکان.

٢- خراپی دۆخی ئابووری و بێکاری لە هۆکارە کاریگەرەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دادەنرێن.

٣- هەروەها خێزان، قوتابخانە و کۆمەڵگا هۆکارن بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی.

٤- ئەنجامەکان دەریدەخەن کە تایبەتمەندییە تاکەکسییەکان بەڕادەیەکی کەم بەشدارن لە ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی.

**٥- توێژینەوەی ئاشیا ئۆلد ڕینۆلدز (٢٠٢٤)** پرۆفایلی تاوانبارانی ئەلیکرۆنی: شیکاری ڕەفتار و پاڵنەرەکانی پشت چالاکییەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی[١]

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: شیکارکردنی شێوازەکانی ڕەفتاری تاوانبارانی ئەلیکترۆنی، دەستنیشانکردنی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی چالاکی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان. توێژەر ڕێبازی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە.

ئەنجامەکان ئەمانەن:

١- شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان ئەمانەن: ناردنی ئیمەیل یان نامەی ساختە، دزینی وشەی نهێنی و زانیاری کەسی، دروستکردنی هەژماری ساختە و ناردنی ڤایرۆس.

٢- پالنەرە کۆمەڵایەتییەکان، پاڵنەرە خودییەکانی کەسەکە دەوروژێنن و ئاڕاستەی دەکەن بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تاوانی، هەروەها تاکەکان وا فێردەکەن کە سوود لە کارامەیی و زیرەکی و لێهاتوویەکانی وەربگرێت، واتە سوود وەرگرتن وەرگرتن لە دەستکاریکردنی لایەنی دەروونی ،بۆ فریودانی تاک و ڕێکخراوەکان، بۆ ئەوەی بەبێ ئاگاداری خۆیان زانیاری و نهێنی ئاشکرا بکەن و بێنە ناو چالاکی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

٣- پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییانە ئەمانەن: قازانجی دارایی یەکێکە لە کاریگەرترین پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە، پاڵنەری ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە پاڵنەرە کاریگەرەکانی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنین، هەروها پاڵنەری بەدەستهێنانی ناوبانگ و ئارەزووی چوونە ناو

---

* Fereshteh Momeni (2024) The impact of social, cultural and individual factors on cybercrime.

[١] Ashya Latrice Reynold (2024) Profiling Cybercriminals: Behavioral Analysis and Motivations Behind Cybercrime Activity.

سیستمەکان، ئارەزووی سەلماندنی لێهاتوویی و زیرەکی کاریەگرییان لەسەر تاوانبارانی ئەلیکترۆنی هەیە لە ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

**چوارەم- جۆرەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان:**

**١- هێرشی ئەلیکترۆنی:**

هێرشی ئەلیکترۆنی تاوانێکە لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئینتەرنێتدا بڵاوبووەتەوە، کە بە واتای هەموو جۆرەکانی خراپ بەکارهێنان و زیان گەیاندن لە تاکێک بۆ تاکێکی تر، یان بۆ کۆمەڵێک کەس دێت، کە لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە سایتە ئەلیکترۆنییەکان وەک سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، مەکۆکانی گفتوگۆ، بلۆگەکان ئەنجام دەدرێت(Smith & Grabosky,2012: 260)، ئەمەش بە گواستنەوەی پەیامی دوژمنکارانەی بە ئەنقەست کە جنێودان، ناوزڕاندن و بوختانکردن، بۆ کەسی وەرگر یاخود قوربانی، بە ئامانجی شێواندنی وێنەی تاکی وەرگر و زیانگەیاندن بەلایەنی دەروونیی، کە هەندێک جار بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو ڕەشبگیرییەی کە تووشی دەبێت، دەگاتە ئاستی خەمۆکی و خۆکوشتن، بۆیە زۆرێک لە وڵاتان بە دەرکردنی یاسا و داهێنانی ئامێرە تەکنەلۆجییە زیرەکەکان، بەدوای کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی ئەم دیاردە تاوانییە مەترسیدارەوەن (العبيدي و المشهداني،٢٠٢٢: ١٥).

بە مانایەکیتر، هێرشی ئەلیکترۆنی هەڕەشە وتۆقاندنە، وەک وێنەگرتنی کچێک لە دۆخی سێکسیدا و بڵاوکردنەوەی، یان ئاشکراکردنی ئەو زانیارییە تایبەتانەی کە پەیوەستن بە نامووسی کەسەکە، یان ناردنی وێنە و ڤیدیۆکان بۆ ئەو کەسە، یان بۆ کەسێکیتر کە گرنگی پێدەدات، لە ڕێگای مەکۆکانی ئینتەرنێت، سایتەکانی پەیوەندی. هەروەها ئەگەر ئەو کەسە وەڵامی ئارەزووی ماددی یان سێکسی دەستدرێژکارەکە نەداتەوە، ئەوە هەڕەشەکەرەکە هەڵدەستێ بە بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاری و ڤیدیۆی هەڕەشەلێکراو. هەڕەشەکە لەوانەیە بە نووسراو، زارەکی، تەلەفۆن، یان لە ڕێگەی کەسی سێیەم بێت، هەروەها لەوانەیە هەڕەشە بێت بۆ سەر قوربانییەکە بە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ کە دەبێتە پاڵنەر بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تاوانبار (الزيدي،٢٠٢٠: ٨).

هەروەها کردەی ڕەشبگیری(ئەتککردن) کە هەڕەشەیە لە کەسی قوربانی و ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی هەیە، وەک توندوتیژی، یان ئاشکراکردنی ئەو بابەتانەی کە پێشێلی شەرەف یان ناوبانگی کەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێک دەکەن، و ئامانجی کردەوەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە وەک (بەدەستهێنانی پارە، پڕکردنەوەی بەڵێننامە، واژۆکردن، ئەنجامدانی کردەوەیەک یاخود خۆبەدوورگرتن لێی، بۆیە ڕەشبگیری بە دیاریکردنی شوێن و مەبەستەکە یان دیاریکردنی تەنها شوێن یان تەنها مەبەستەکە ڕوودەدات(صالح، ٢٠٢٤: ٢٧)

(وريا معروف حمدسعيد) لە ساڵی (٢٠٢٣) توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاوان- فەیسبووک بە نموونە- توێژیوەیەکی مەیدانییە لە ڕوانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی جاکسازی گەورانی شاری هەولێر ئەنجامیدا، بۆی دەرکەوت؛ کە لە ڕوانگەی توێژەرانی دەزگای چاکسازی گەوران یەکێک لەو تاوانە ئەلیکترۆنییانەی لەلایەن تاوانبارانەوە لە پارێزگای هەولێر بەرامبەر قوربانیان ئەنجامدەدرێت، هەڕەشەکردن و هەراسانکردنیانە لە ڕێگەی فەیسبووک و لەژێر ناوی وەهمی و شاراوە و خوازراوەوە (حمدسعيد،٢٠٢٣: ١٠٦)، بەهەمان شێوە ( مصطفى إبراهيم الشمري) لەتوێژینەوەکەیدا کە لەساڵی (٢٠٢١) بە ناونیشانی (تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق) ئەنجامیدا، بۆی دەرکەوت کە هەراسانکردن و هێرشی ئەلیکترۆنی لە پۆلی ئەو تاوانە ئەلیکترۆنییانەن کە لە عێراق زۆر ڕوودەدەن (الشمري،٢٠٢١: ١٣٢ ).

**٢- تاوانەکانی فریودان، لەکەدارکردن و هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی:**

تاوانەکانی فریودان و هەراسانکردن، لە بەناوبانگترین و بەربڵاوترین تاوانە ئەلیکترۆنییەکانن، بەتایبەتی لە نێو هەرزەکاران، گەنجان و کچان. ئەم جۆرە تاوانانە لەسەر بنەمای وەهم دامەزراون، کە تاوانباران قوربانییەکانیان فریو دەدەن و تاوەکو ڕازیین پەیوەندییەکی دۆستانە لە ئەپەکانی سۆشیاک

میدیا دروست بکەن، پاشان دەشێ ئەو پەیوەندییە گەشە بکات بۆ پەیوەندی سێکسی نێوان ئەو دوو لایەنە. ئەم تاوانانە هیچ سنوورێک ناناسن و ناتوانرێت سنووردار بکرێن و ڕابگیرێن (مصطفى و أخرون،٢٠١١: ٣)

هەروەها یەکێکیتر لەو جۆرە تاوانانە، لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی مرۆڤەکانە، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ناوزڕاندن بە یارمەتی کۆمپیوتەر یان ئینتەرنێت ڕوودەدات. بۆ نموونە. کەسێک بابەتی ناوزڕاندن لەبارەی کەسێکەوە لە ماڵپەڕێکدا بڵاودەکاتەوە یان ئیمەیڵێک دەنێرێت کە زانیاری ناوزڕاندنی تێدایە بۆ هەموو هاوڕێکانی ئەو کەسە (Jain,2014:18).

**٣- تاوانی پۆرنۆگرافی ئەلیکترۆنی:** پۆرنۆگرافی بریتییە لە "وەسفکردن یان نیشاندانی کردەوەی سێکسی بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە وروژاندنی سێکسی دروست بکات، ئەمەش لەڕێگەی ڤیدیۆ، فیلم و وشە دەبێت. وێبسایتە پۆرنۆگرافیەکان بابەتی پۆرنۆگرافی بە کۆمپیوتەر بەرهەم دەهێنن و سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن بۆ بلاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی سێکسی و نووسین. ئەمڕۆ زیاتر لە 420 ملیۆن ماڵپەڕی پۆرنۆگرافی هەیە. پۆرنۆگرافی منداڵان یەکێکە لە خراپترین جۆرەکانی پۆرنۆگرافی و ڕاستییەکی زۆر حاشا هەڵنەگرە و بەکاردەهێنرێت لەلایەن بەکارهێنەرانی دەستدرێژی سێکسی بۆ گەیشتن بە منداڵان و دەستدرێژیکردنە سەریان لەسەرانسەری جیهان. دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە هەر جۆرە چەوساندنەوەیەک کە منداڵی کچ ڕووبەڕووی دەبێتەوە خراپترە، چونکە کاریگەری خراپ و درێژخایەن تا کۆتایی ژیانیان لەسەریان بەجێ دەهێڵێت( :Goni et all,2022 .(36-37

هەروەها بەگشتی ئازاردانی سێکسی ئەلیکترۆنی زیاتر کاریگەری لەسەر ڕەگەزی مێ هەیە، هەروەها کارێکی هۆشیارانەیە و لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت، کە ئارەزووی تێرکردنی شەهوەتێکی سێکسی هەیە. ئەمەش بە کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆر وەک دەنگی، بینراو، یان هێمایی ئەنجام دەدرێت و کەسی قوربانی تووشی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات و تاوانبار بەبێ ڕەزامەندی دەیەوێت خۆی بسەپێنێت و هەوڵدەدات ئیرادەی قوربانییەکە لاواز بکات و ناچاری بکات بە قبوڵکردنی داواکارییەکانی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکە هەست بە شەرمەزاری، سەرلێشێواوی و بێزارییەکی توند بکات. بەڵام لە تاوانە ڕاستەقینەکاندا، ئازاردانی سێکسی بە شێوەیکی فیزیکی و ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر وەک: بەرکەوتنی جەستەیی و نزیکبوونەوە و دەستدرێژی سێکسی (المشهداني و الموسوي، ٢٠٢١: ١٢)

لە **توێژینەوەی (نوال نمت علي بنت محمد قيسي) کە لەساڵی (٢٠١٠)** بەناونیشانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی ئاراستەکراو دژی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت- توێژینەوەیەکی ڕووپێویە لەسەر هەندێک لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە وڵاتی سعودیە، لەوەڵامی یەکێک لە پرسیارەکان کە ئاراستەی یەکەکانی توێژینەوەکە کراوە سەبارەت بە بەرکەوتنیان لەگەڵ تاوانە سێکسییەکان، دەرکەوت کە ڕێژەی (53.6%) یەکەکانی توێژینەوەکە لەکاتی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕووبەڕووی تاوانی سێکسی دەبنەوە، ڕێژەی (5.2%) کەسوکار و ناسیاوەکانی قوربانیەکان لە لاپەڕەکانی ئینتەرنێتدا تووشی ناوزڕاندن بوون، هەروەها (6.8%) ئیمەیڵەکانیان بەکارهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی سێکسی (قيسي،٢٠١٠: ١٤٤).

**٤- ناردنی ڤایرۆس:** ڤایرۆس پرۆگرامێکە کە پرۆگرامەکانی تری ناو کۆمپیوتەر دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکاریانە دڵنیایی دەدەن کە بەرنامەی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە دووبارە دەکاتەوە. هەموو ڤایرۆسەکان زیان بە خانەخوێکەی ناگەیەنن. ڤایرۆسێک بە شێوەیەکی ئاسایی لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر لە ڕێگەی ئیمەیڵ، یان دیسکی تووشبووەوە بڵاو دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڤایرۆسێک ناتوانێت کۆمپیوتەرێکی تر تووش بکات تاوەکو بەرنامەی هەڵگری ڤایرۆسەکە جێبەجێ نەکرێت. شێوازێکی باوی جێبەجێکردنی ڤایرۆس ئەوەیە کە بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر فێڵ لە فایلێک دەکاتەوە کە هێرشی کراوەتە سەر، وا بیردەکاتەوە کە فایلەکە بەرنامەیەکی بێ زیانە و لە سەرچاوەیەکی دۆستانەوە هاتووە. بەناوبانگترین نموونەی ڤایرۆس، ڤایرۆسی مێلیسایە کە لە ئازاری (1999) بڵاو

بووەوە. ڤایرۆسی مێلیسا لە پاشکۆیەکی وشەی مایکرۆسۆفت شاردراوەتەوە کە پێدەچوو لە کەسێکەوە هاتووە بۆ وەرگرەکە، بەرنامەکە ماکرۆیەکی چالاک کرد کە یەکەم پەنجا ناونیشانی ئیمەیڵی لە بەرنامەی Microsoft Outlook دا دەنا و خۆی بە ئیمەیڵ دەینارد بۆ پەنجا ناونیشانەکە. مەزەندە دەکرێت زیانی ڤایرۆسەکە 80 ملیۆن دۆلار بێت (Jain,2014:81)

یەکێکیتر لە ڤایرۆسە مەترسیدارەکان بەرنامەکانی ئەسپی ترۆجانە، کە سەرەتا ئامانجەکانی دیزاینکردنی ئەم بەرنامانە بە مەبەستێکی باشبوو، وەک ئەوەی بزانم منداڵان چیم لێ دەکەن. لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەوە ئەو کارمەندانەی کە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن لە نەبوونی دایک و باوک یان بەڕێوەبەردا، دەتوانن بە نووسین لەسەر کیبۆردەکە دەستیان بە داتا و زانیارییەکان بگات. بەڵام ئەم داتایانە بە خێرایی دەبنە ئامرازێک بۆ هاکەرەکان، چونکە ڕێگە بە هاکەرەکان دەدات وشەی نهێنی بەدەستبهێنن. سروشتی پاسیڤی ئەسپی ترۆجان وا دەکات مەترسیدارتر بێت لە ڤایرۆسەکان، بەو پێیەی وەک ڤایرۆس خۆی بۆ قوربانییەکە نیشان نادات، بەڵکو بەزۆری لە ڕێگەی بێزارکردن یان زیانگەیاندن بە بەکارهێنەرەوە دەستنیشان دەکرێت. هەر بۆیە ئەم ئەسپە ترۆجانە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە سیخوڕییەکاندا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بەکاردەهێنرێت چونکە، ئەگەری دۆزینەوە و دەستگیرکردنیان زۆر کەم بێت (یوسف،٢٠١١: ١١٢)

**٥- هاککردن:** هەندێک لە توێژەران دەڵێن کە زاراوەی "هاککردن" لە خوێندکارانی ئەندازیاری لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای ماساشوستس (MIT) لە ساڵانی (١٩٥٠)دا سەریهەڵدا. ئەم دەستەواژەیە لەلایەن خوێندکارانەوە بۆ ئاماژەکردن بۆ کەسانی لێهاتوو و کاریگەر لە ئەلیکترۆنیاتدا بەکاردەهێنرا و تارادەیەکی زۆر هاوواتای "گۆفکردن" یان "گەمژەکردن" بوو (Holt et all,2018: 38).

لە توێژینەوەی نوال نمت علي بنت محمد قيسي (٢٠١٠) تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی ئاراستەکراو دژی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت- توێژینەوەیەکی ڕووپێویە لەسەر هەندێک لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە وڵاتی سعودیە، دەرکەوت کە یەکەکانی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (77%) ڕووبەڕووی هاککردن بونەتەوە. ڕێژەی لە(2.4%) ماڵپەڕەکانیان لەناوچوون. ڕێژەی لە (33.8%) ئەندامانی نمونەکە ئامێرە کەسییەکانیان بەرکەوتەی هاککردن بوون لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. لەسەدا (29.3%) ئیمەیڵی تایبەتیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاک کراون، لە (26.8%) ئیمەیڵی تایبەتی خۆیان دزراوە، هەروەها (16.6%) ئیمەیڵەکەیان هەوڵدراوە لەناوببردرێن (قيسي،٢٠١٠: ١٤٣).

**٦- چوونە ناوەوەی بێ مۆڵەت بۆ ناو ئیمێل، ئەکاونت و هەژماری بانکی تاکەکان:**

یەکێك لە ڕەفتارە نایاساییە زۆر باو و پەیوەستەکانی سەر کۆمپیوتەر بریتییە لە تاوانی چونەژوورەوەی ڕێگەپێنەدراو، کە بە ترسناکترین و بەربڵاوترینی تاوانی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، کەپەیوەستە بە تەکنۆلۆجیای نوێ، بە تایبەت بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای حەزی زانین و ئاشکراکردن دەست پێدەکات و چەکەرە دەکات، بەڵام دواتر سەردەکێشێ بۆ ئەنجامدانی جۆرەها تاوانی گەورەتری وەکو دزی، فێڵکردن، لەناوبردنی زانیاری و داتا و جۆری تر لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان (أحمد،٢٠٢١: ١٩٥)، هەروەها ئەم جۆرە تاوانە بەواتای ئەوە دێت کە دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی کۆمپیوتەر، هێرشکردنە سەر سیستەمی پرۆسێسی داتا و زانیاری ئۆتۆماتیکی و دەستکاریکردن یان هەڵوەشاندنەوەیان بە شێوەیەک، کە ئەنجامەکەی تێکدانی ئەدای بەرنامەکە یان ئەنجامدانی ئەرکەکانی ترە جگە لە ئەوانەی کە بۆیان ئامادە کراوە نموونەی ئەم جۆرە تاوانە ئەلیکترۆنییە بریتین لە:

١- چوونە ژوورەوە یان مانەوەی نایاسایی لە سیستەمەکەدا، ئەمە چالاکییەکی تاوانکارییە کە لە تاوانبارەوە سەرچاوە دەگرێت، بە کردەوەی چوونە ناو سیستەمی پرۆسێسی ئۆتۆماتیکی هەموو داتاکان یان بەشێکی دادەنرێت، یاخود بە کرداری مانەوە لەناو هەموو یان بەشێکی سیستم دادەنرێت.

٢- تاوانی هێرشکردنە سەر سیستم بە ئەنقەست: ئەمەش بە کردەی وەستان یان لەکارخستنی سیستەمی پرۆسێسی داتا ئۆتۆماتیکی لە ئەنجامدانی چالاکییە ئاساییەکەی، یان کردەی تێکدانی چالاکییەکان یان ئەرکەکان نیشان دەدرێت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ج - تاوانی هێرشكردنه سەر داتا بە ئەنقەست: چالاكیی تاوانكاری لە هێرشكردنە سەر داتاكان بە ئەنقەست شێوە دەگرێتەوە، لەوانە سڕینەوەی تەواو یان بەشێكی داتاكان، یاخود تێكدانی داتاكانی هەبوو، هەروەها دەستكاریكردنی داتاكان یان شێوازەكانی پرۆسێسكردنی گواستنەوەی داتاكان (الكعبي،٢٠٠٩: ٤٧-٤٨).

لە توێژینەوەی (هاوكار عمر أحمد) كە لە ساڵی (٢٠٢١) توێژینەوەیەكی بە ناونیشانی (بەرەنگاربوونەوەی یاسایی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت- توێژینەوەیەكی بەراردكارییە)، لە هەرێمی كوردستان ئەنجامدا، لە یەكێك لە ئەنجامەكانی تەوێژینەوەكە دەركەوت كە، یەكێك لە تاوانە دیارەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، چوونە ژوورە و مانەوەی نارەوایە لەناو پەیج و سایت و ئەكاونتی تاكەكان و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و دزینی زانیارییە تایبەتیەكانی تاكەكان (أحمد،٢٠٢١: ٢٧٧).

تاوانە ئەلیكترۆنییەكان چەندین جۆریان هەیە، لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و ئامێرە تاكنەلۆژییەكانیش جۆری تاوانەكانیش زیاد دەبن. لە هەرێمی كوردستان، یاسادانەران لە ساڵی (٢٠٠٦) و لەیاسای ژمارە (٦) یاسایەكی تایبەتیان بە تاوانە ئەلیكترۆنییەكان بە ناوی (یاسای خراپ بەكارهێنانی ئامرازەكانی پەیوەندیكردن) لە هەرێمی كوردستان دەركرد، تیایدا لە مادد(٢)ی ئەم یاسایەدا سەبارەت بە خراپ بەلكارهێنانی مۆبایل یان هەر ئامرازێكی تری پەیوەندیكردنی تەلی و بێتەلی و ئینتەرنێت و ئیمەیڵدا هاتووە، كە هەركەسێك ئەم ئامرازانای پەیوەمدیكردن خراپ بەكاربهێنێت ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیكردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵزیاتر نەبێت یان پێبژاردنی برە پارەیەك لە ملیۆنێك دیناری عێراقی كەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.

هەروەها یاسا دانەری هەرێمی كوردستان گرنگترین ئەو كردەوانەی قەدەغە كردوون، كە دەچنە چوارچێوەی تاوانە ئەلیكترۆنییەكان لە یاسای ژمارە ٦ برگەی ٢ هاتوون ئەمانەن (هەرەشەكردن، بوختانكردن یان سوكایەتیكردن، بڵاوكردنەوەی هەواڵی مەترسیدار، دزەپێكردنی گفتوگۆ و وێنە و كورتە نامە و داب و نەریتی گشتی، گرتنی وێنە بێ رەزامەندی، خستنە پاڵی بابەتی شەرمەزاركەر، هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان، هاندان بۆ كردەوەی لەشفرۆشی و بێ ئابووریی، بڵاوكردنەوەی زانیاری پەیوەست بە نەهێنی ژیانی تاكەكانی خێزان، وەرسكردن و بێزاركردنی بە ئەنقەستی كەسانی تر)

تاوانە ئەلیكترۆنییەكان بەهۆی گەشەی تەكنەلۆجیا و بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت، بوونەتە جۆرێكی گرنگ و خێرا لە تاوانە هاوچەرخەكان. ئەم تاوانانە بە شێوەیەكی گشتی دابەش دەكرێن بۆ چەند جۆرێكی سەرەكی و لەم توێژینەوە ئاماژەیان پێدەكەین وەك: هێرشی ئەلیكترۆنی (وەك هەراسانكردن، هەرەشە و رەشبگیری)، تاوانەكانی فریودان و لەكەداركردنی ناو و ناوبانگ، تاوانی پۆرنۆگرافی و ئازاردانی رەگەزی بەرامبەر بە تایبەتی پۆرنۆگرافی منداڵان، ناردنی ڤایرۆس و بەرنامە خراپەكان بۆ تێكدانی سیستەمەكان، هاككردن و چوونە ژوورەوەی بێ مۆڵەت بۆ ناو ئەكاونت و ئیمێلی كەسی.

**پێنجەم- تایبەتمەندییەكانی تاوانە ئەلیكترۆنییەكان**

هەر جۆرە تاوانێك كۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، كە جیای دەكاتەوە لە تاوانەكانیتر. تاوانە ئەلیكترۆنیەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە كۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندیان هەیە، وەك:

١- تاوانی سنوور بەزێن:

یەكێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی تاوانە ئەلیكترۆنیەكان، ئەوەیە كە هیچ جۆرە سنوورێكی جوگرافیان نییە، و سروشتێكی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنن و بە تاوانی سنوور بەزێن دادەنرێن، واتە؛ مەرج نییە كە تاوانەكان تەنیا لەناو خۆی یەك وڵاتدا ئەنجامبدرێن، بەڵكو دەشێ تاوانبارەكەرە لە وڵاتێك بێت و تاوانەكە لەوڵاتێكیتر ئەنجامبدات، ئەمەش وادەكات كە وڵاتان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە ببنەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە و دۆزینەوەی تاوانباران (المخول،٢٠٢٤: ٦١).

زۆرجار تاوانی ئەلیكترۆنی بە تاوانی نێودەوڵەتی دەناسرێتەوە، و سنووری نێوان وڵاتان و كیشوەرەكان دەبڕێت، لەبەر ئەوەی سروشتی جیهانی ئینتەرنێت و لێكەوتەكانی، زۆربەی وڵاتانی خستوتە حاڵەتێكی بەردەوامی لاوازییەوە، كە ئەمەش ئاسانكاری دەكات بۆ ئەنجامدانی تاوان لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە

(الهيتي،٢٠٠٥: ١١) بەم پێیە، تاوانی ئەلیکترۆنی بە فۆرمێکی نوێی تاوان دادەنرێت کە سنوورەکانی نیشتمانی، ناوچەیی یان کیشوەری دەبڕن (شوقي، ٢٠١٩: ٢٩)، ئەمەش لە دوای هاتنی ئینتەرنێت، چونکە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت هەموو سنووره جوگرافییەکانی نێوان وڵاتانی لابردووه، هەروەها جیهانی کردووه بە گوندێکی بچووک، ئەمەش وایکردووە پەیوەندی نێوان تاکەکان ئاسان بێت، نەک تەنها لە ناو وڵاتان، بەڵکو پەیوەندی نێوان کەسەکان لە جیهان لە ئاستی جیاواز ئاسان کردووه، ئەمەش وایکردووه تاوانە ئەلیکترۆنییەکان سنوور ببڕن. لەبەر ئەوەی زۆربەی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن، بە سروشتێکی نێودەوڵەتی تایبەتمەندن، بەو پێیەی ئەم تاوانانە لە وڵاتێک ڕوودەدەن و قوربانییەکە لە وڵاتێکی دیکەدا دەژی، لەوانەیە زیانەکانی لە وڵاتی سێیەم یان لە چەند وڵاتێکیتر بێت، وەک هاککردن، لەناوبردنی ماڵپەڕ و ئامێرەکان، دزینی داتا، زانیاری و پارە، هەموو ئەمانە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان قورس دەکەن، ئەمەش بەهۆی فرەیی ئەو شوێنانەی کە تاوانەکە تێیدا بەشداره و جیاوازی یاسا و جیاوازی ڕێکارەکانی سزادان لەو وڵاتانە (العفيفي،٢٠١٣: ١٥).

هەروەها لێکۆڵینەوە لە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان، پێویستی بە ئەنجامدانی ڕێکار و کردارەکانی لێکۆڵینەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت هەیە، وەک گەڕان بەدوای ماڵپەڕەکاندا یان گەڕان بەدوای ئامێری ئەلیکترۆنی- بەڵگەی ماددی بۆ دۆزینەوەی داتا یان زانیاری، دەستگیرکردنی کەسانی داواکراو، یان پشکنینی شوێنی تاوانەکە، هەموو ئەمانە پێویستی بە هاوکاریی بەرجەستەی نێودەوڵەتی هەیە، لەپێناو بەرەنگاربوونەوە و سزادانی ئەو کەسانەی ئەم جۆره تاوانانە دەکەن، ئەمانەش لە ڕێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتی دەکرێت، بەڵام هەندێک وڵات گرێبەستی دیبلۆماسیان لە نێواندا نییە، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم لێکۆڵینەوە و گرتنی تاوانباران (العفيفي،٢٠١٣: ١٦).

**٢- ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کارێکی سەختە:**

یەکێک لە تایبەمەندییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنیەکان، سەختی ئاشکراکردنی ئەنجامدەری تاوانەکەیە،ئەم جۆره تاوانانە لە ژینگەی دیجیتاڵدا ڕوودەدەن، پەیوەندییان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریەوە هەیە، کە لە ڕێگەی ئامراز و ئامێره ئەلیکترۆنییەکانی وەک (کۆمپیوتەر، مۆبایلە زیرەکەکان، تابلێت، تۆڕەکانی ئینتەرنێت) ئەنجام دەدرێن و جیاوازن لە هەندێک جۆری تاوانە کلاسیکیەکان کە ئاسەواری ماددیان لە دوای خۆیان بەجێدەهێشت. لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکاندا، ئاسەواری ماددی وەک شوێن و کات و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان بوونیان نییە، ئەمەش وادەکات دۆزینەوەی تاوانباران و سەلماندنی تاوانەکە کارێکی سەخت بێت (إبراهيم، ٢٠٠٨: ٤٥). هەروەها زۆربەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان پێویستیان بە زانینی هەموو شتێکی دەوروبەری شوێنی تاوانەکە هەیە، وەک ڕەقەکاڵا، نەرمەکاڵا، ڕێوشوێنی خۆپارێزی ئەمنی، ئەمانەش دەبنە یارمەتی دەری ئەو کەسەی ئەو جۆره تاوانە دەکات، ڕێ و شێوێنەکانی خۆپارێزی بگرێتەبەر بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە و ئاشکرانەبێت (الجبوري،٢٠١٤: ٩٦)

٢- ئەستەمە بۆ قوربانییەکی تاوانەکە، هەمووجار بتوانێ هەموو بەڵگەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزێت، چونکە لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا ڕوودەدات. تاوانباری ئەلیکترۆنی دەتوانێت ئەو داتا و زانیاریانەی کە لە کۆمپیوتەرەکەدا هەن بسڕێتەوە، بیشێوێنێت یان بیگۆڕێت بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، بۆیە ڕێکەوت و نەزانی ڕۆڵیان لە دۆزینەوەی تاوانباران هەیە، لەو چوارچێوەیەدا بەشێک لە پسپۆڕانی تاوانی ئەلیکترۆنی بڕوایان وایە، کە ئەو تاوانبارانەی کە ئاشکرادەبن، ئەوانەن کە بەشێوەیکی نەزانانە یان بە شێوەیەکی لێهاتوو سیستەمی ئەلیکترۆنییان بەکارنەهێناوه (القاضي،٢٠٢٤: ٤١).

٣- پەرەسەندنی یەک لە دوای یەک و داهێنانی ئامێره تەکنەلۆجیەکان، بۆ نموونە ئینتەرنێت کە تۆڕێکی پەیوەندی نێودەوڵەتییە، وای کردووه کە ئاشکراکردنی ئەو جۆره تاوانانە سەخت بێت، چونکە بەردەوام ئامێر و ئامرازی نوێی تەکنەلۆجیا بڵاودەبێتەوە، کە دەشێ خەڵکی لە هەندێکیان هەر زانیارییان نەبێت و نەزانن چ جۆره ئامێرێکن، چ جای ئەوەی بگاتە دۆزینەوەی بکەر و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە (عبابنة،٢٠٠٩: ٣٧).

**٣- سەلماندنی تاوانی ئەلیکترۆنی کارێکی سەختە:**

سەلماندنی ئەم جۆرە تاوانە یەکێکە لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم ئاشکراکردنی ئەم تاوانە و بوونی بەڵگەش لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکاندا تادێت قورستر دەبێت، چونکە تاوانی ئەلیکترۆنی لە ژینگەیەکی دەرەوەی چوارچێوەی کەتواری ماددی بەرجەستەدا ڕوودەدات، ئەمەش بۆ دەسەڵاتداران و دەزگا ئەمنییەکان ئاڵۆزە کە لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە ئەنجامدەران بکەن و تاوانباران ئاشکرا بکەن، چونکە لەم ژینگەیەدا داتا و زانیارییەکان لەڕێگەی ئامرازی ئەلیکترۆنی نەبینراو بە سیستەمی زانیاریدا دەڕوات نەوەک بەڵگەنامەی کاغەزی هەبێت (الصغیر،١٩٩٢: ١٧). هەروەها بەهۆی ئاسانی لەناوبردنی بەڵگەنامەکان و شوێنەوارەکان لەلایە تاوانباران لەلایەک و قورسی گەیشتن پێیان لەلایەکیتر، بە تایبەتی ئەگەر بکەر لەژێر ناوێکی خوازراو ئەم تاوانەی ئەنجامدابێت و بەڕێگای بەکارهێنانی ئینتەرنێتی شوێنە گشتییەکان تاوانەکەی ئەنجامدابێت سەلماندنی دەبێتە کارێکی قورس (أحمد،٢٠١٥: ١٣٠)

لەلایەکی تر، لەبەر ئەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهانی ماددی و هەستپێکراودا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە ژینگەی تەکنەلۆجیادا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی بەڵگە ئاڵۆزتر دەکات، چونکە لە ژینگەی تەکنەلۆجیا بکەری تاوان دەتوانێت لەمیانەی چرکە ساتێکدا ئاستەنگی جۆراو جۆر بۆ لێکۆڵینەوە دروست بکات وەک: سڕینەوەی بەرنامەکە، دانانی وشەی نهێنی و هێما کە نەتوانرێت بخوێنرێتەوە و بکرێتەوە تەنها لەلای خۆیەوە نەبێت (بدیر،٢٠١٩: ٣٢)

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەزندە دەکات کە تاوانەکانی کۆمپیوتەر بە قەبارەیەکی گەورە ڕوودەدەن و لە زۆربەی کاتەکاندا بە نادیاری و نهێنی دەمێننەوە. ڕێژەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە لە نێوان (85%) بۆ (90%)ی ئەو هێرشانەی کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ڕوودەدەن نادۆزرێنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی سەلماندنی تاوانەکە و نەبوونی بەڵگە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و سزادانیان (رشید،٢٠١٨: ٢٢). هەروەها ناڕوونی ناسنامەی تاوانباران و بەکارهێنانی ناوی خوازراو یاخود گۆڕینی ناسنامەی ئەنجامدەری تاوانەکە لەلایەن بکەرەی تاوانەکە، وای کردووە کە دۆزینەوەی بکەری ئەو تاوانە و سەلماندنی تاوانەکەی کارێکی قورس بێت، چونکە تاوانبار دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ناسنامەی خۆی بشارێتەوە و بە هەر ناسنامەیەک کە خۆی بیوێت تاوانەکە ئەنجام بدات، یاخود لەژێر ناو کارەکتەرێکی خەیاڵی خۆی بشارێتەوە و بە بێ ترسی ئاشکرابوونی هەبێت، چالاکیە تاوانەکەی ئەنجام بدات (رسول،٢٠٢٣: ٤١)

**٤- خێرایی لە ئەنجامدان:**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، بوونی خێراییە لە ئەنجامدانی تاوانەکە، لە ڕووی خێرایی لە ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییرکاندا، دەکرێ بە داگرتنی یەك دوگمە جا چ لە ڕێگای مۆبایلە زیرەکەکانەوە بێت یاخود کۆمپیوتەرێکی ئاسایی و بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ملیۆنان دۆلار لە هەژمارێکی بانکی کەسێک یان کۆمپانیایەک بۆ هەژمارێکی تر لە ماوەی چاو تروکانێکدا بگوازرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە پێویست بە ئامادەکاری و داڕشتنی بەرنامەی پێشوەختە ناکات، بەڵکو لە هەندێك جۆری ئەم تاوانانەدا گومانی تێدا نیە کە بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە پێویست بە ئامادەکاری دەکات، جگە لەمەش لەم جۆرە تاوانانەدا پێویست بە ئامادەبی بکەر ناکات لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە، بەڵکو دەکرێ بکەر لە وڵاتێك بێت و قوربانی و تاوانەکەش لە وڵاتێکی تر بێت (الغول،٢٠١٧: ٧٢)

تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانرێت بە خێرایی و لە ماوەی بەشێکی کەمی چرکەیەکدا بە شێوەیەکی شاراوە و بەجۆرێک کە قوربانییەکە هەستی پێنەکات ئەنجامبدرێت. ئەنجامدانی تاوانەکە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلە زیرەکەکانەوە دەبێت، هەروەها پێویستی بە کاتێکی زۆرنیە و ئامادەکاری زۆری ناوێت بۆ ئەنجامدانی، لەکاتێکدا بۆ ئەنجامدانی تاوانە تەقلیدییەکان پێویستیان بە کات و ئامادەکاری هەیە (التمیمي،٢٠٢٢: ٧٠). لە تاوانی ئەلیکترۆنیدا کەسێک دەتوانێت بە کلیکێک بچێتە ناو سیستەمی

بانكێک یان ئەکاونتی کەسێک و هەزاران دۆلار بدزێت و خۆی بکاتە کەسێکی سەرمایەدار بە کاتێکی زۆر کەم، بەبێ ئەوەی ئاشکرا ببێت و سزا بدرێت (رشيد،٢٠١٨: ٢.

**٥- زیرەکی و لێهاتووی:**

ئەم جۆرە تاوانانە کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندییان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە تاوانە ئاساییەکان، یەکێک لەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە تاوانانە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێن کە پسپۆڕن لە بواری کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و مۆبیل و تابلێت و ئایپاد. هەروەها کەسانێکن کە خاوەن ئەزموون، شارەزایی، زیرەکن لە مامەڵەکردن لە چۆنیەتی کردنەوەی هێما و کۆدەکان، پێچەوانەی تاوانە ئاساییەکان بۆ نموونە کوشتن، دەکرێ لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت کە زیرەک بن یاخود نا، ئاستی رۆشنبیریان نزم بێت یاخود بەرز، بەڵام لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کۆمپیوتەرەوە هەبێت، دەبێت بکەر شارەزایی لە چۆنیەتی کارپێکردن و بەکارهێنانی کۆپیوتەردا هەبێت، بەجۆرێک ئەوەی شارەزا نەبێت ناتوانێت تاوانەکەی پێ ئەنجام بدات، مەرج نییە بکەری تاوان ئەو شارەزاییەی بە رێگای خوێندنی زانستی و ئەکادیمی بەدەستهێنابێت، بەڵکو دەشێ ئەو شارەزاییەی لەمیانەی زۆر بەکارهێنان و خۆفێرکردن بەدەستهێنابێت (الهيتي، ٢٠٠٥: ٨١).

ئەنجامدەری تاوانی ئەلیکترۆنی بەزۆری کەسێکی زیرەک و فێڵباز و توانای تەکنیکی بەرزی هەیە، ئاشنایە بەو شێوازەی کە لە بواری سیستەمی کۆمپیوتەردا بەکاردێت و شارەزایە لە چۆنیەتی کارپێکردنی، چۆنیەتی هەڵگرتن و بەدەستهێنانی زانیاری (المردني، ٢٠٢٣: ١٧١)، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەم جۆرە تاوانانە بەراورد بە تاوانە ئاساییەکان زیاتر بە لای توندوتیژیدا دەچن و پێیان دەوترێت تاوانی زیرەکەکان، چونکە لەم تاوانانەدا بکەر هەوڵی فێربوون، داهێنان و دۆزینەوەی رێگای تازە دەدات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، کە جگە لەخۆی کەسیتر نەیزانێت، ئەمەش لە پێناو شکاندنی بەربەستە ئاسایشییەکان لە ژینگەی ئەلیکترۆنی و سەرەنجام گەیشتن بە مەبەستەکەی خۆی (أحمد،٢٠٢١: ٧٥).

هەروەها ئەم جۆرە تاوانبارانە زۆر بە ئاسانی دەتوانن ناسنامەی خۆیان بگۆڕن و لە بری ناوی راستەقینەی خۆیان ناوی خوازراو بەکاربهێنن، دەتوانن پەیوەندی بە کسانی دیکەوە بکەن و پۆستی ئەلیکترۆنی و زانیارییەکان بنێرن بێئەوەی ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، ئەمەش لەرێگەی دانانی ناوی خوازراو (عەبدڵڵا، ٢٠١٠: ٩٤).

ئەو کەسانەی کە تاوانی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدەن، توانای گۆڕینی زمانەکەی بۆ زمانێکی دیجیتاڵی و هەڵگرتن و وەرگرتنەوەی زانیاری هەیە، بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی و ئامرازە دیجیتاڵییەکانی پەیوەندیکردن (أمين و هيبة،٢٠٢١: ٧٦). لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی جیهان زۆربەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کە شیکردنەوەیان بۆ کراوە، دەرکەوتووە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکان، کارامەیی یان تەکنیکی ئاڵۆز لەلای بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بەکارنایەت، بەرێژەی لە (65%)ی هەموو تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لەکاتی ئەنجامدانیان پێویستیان بە ئاستێکی کەمی زیرەکی هەیە، لەکاتێکدا 13% پێویستیان بە ئاستێکی مامناوەندی کارامەیی هەیە و لە 22%ی دیکەش پێویستیان بە زانیاری زۆر ورد هەیە لەسەر کارامەیی تەکنیکی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی (الورفلي، ٢٠٢٣: ٣٠٦)

**٦- تاوانە ئەلیکترۆنییەکان نەرم و نیانن و پێویستییان بە هێزی جەستەیی نییە:**

تایبەتمەندییەکی تری ئەم جۆرە تاوانانە، نەرم ونیانیە، واتە؛ پێویستی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە پێویستی بە هێزی جەستەیی نییە، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە تاوانە ئاساییەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ ئەنجامدانی تاوانە ئاساییەکان توانا و هەوڵی ماسولکەیی پێویست بێت، یاخود ئەنجامدانی توند و تیژی و ئازاردان لە تاوانی کوشتن و رفاندندا، یاخود سەرکەوتن و بازدان و پەیداکردنی کلیلی کۆپی کراو لە تاوانی دزی، ئەوا بۆ ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان هیچ یەکێك لەمانەی پێویست نیە و بە سروشتی خۆی بە شێوازێکی نەرم و لەسەرخۆ ئەنجام دەدرێت، تەنیا ئەوەی پێویستە بۆ بکەر تاوەکو تاوانەکەی ئەنجام بدات، بریتییە لە توانایی و لێهاتوویی بکەر لە بەرکارهێنان و مامەڵەکردن بە ئامێری کۆمپیوتەر، مۆبایلە زیرەکەکان، تابلێت و ئایپاد و خستنەگەڕی شارەزایی خۆی بۆ ئەنجامدانی کاری نارەوا و چالاکی تاوانی، هەروەها پێویستی بە بەستنەوەی ئامێرەکەی هەیە بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتی

نێودەوڵەتی، بەم چەشنە بکەری شارەزا دەتوانێت تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام بدات کە مەترسی و زیانی گەورە بگەیەنێت، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و هێزی جەستەیی (فتح الله، ۲۰۱۹: ۷۹)

تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە ژێر پۆلی تاوانە نەرمەکاندا پۆلێن دەکرێن، بەو پێیەی پێویستیان بە بەکارهێنانی چەک یاخود توندوتیژی جەستەیی نییە، چونکە گواستنەوەی زانیاری لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە، یان دزی ئەلیکترۆنی لە بانکێکدا پێویستی بە هیچ توندوتیژی، خوێنرشتن یان تەقەکردنەک نییە لەگەڵ کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان، بەڵکو پێویستی بە چالاکی ژیری، ئەزموون و توانای تەکنیکی هەیە بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی (أبو دية،۲۰۱۸: ۹)

لە توێژینەوەی (رسول حسن رسول) بە ناونیشانی (تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی و هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی- توێژینەوەیەکی شیکاری)یە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدراوە، دەرکەتووە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی نەرمیە لە ئەنجامدانی تاوانەکە، کە لەڕێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلی زیرەک، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی ئەنجام دەدرێت (رسول،۲۰۲۳: ۳۹)

**٧- بەشداری و هاوبەشی لە ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی ئەوەیە، کە بەزۆری لە ڕێگەی هاوکاری زیاتر لە کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت بۆ زیانگەیاندن بە قوربانیەک، دەزگایەک، کۆمپانیایەک، هاککردن یاخود دزینی زانیاری. زۆرجار کەسێکی پسپۆڕ لە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی تاوانەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە تەکنیکییەکانی پرۆژەی تاوانکارییەکەدا، و کەسێکی دیکە لە ناوەوە یان دەرەوەی ڕێکخراوی قوربانییەکە بەشدار دەبێت بۆ پەردەپۆشکردنی دەستکاریکردنەکە یاخود تاوانەکە. بەشداریکردن لە هێنانەدی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لەوانەیە بەشداریکردنێکی پاسیڤ بێت، واتە ئەو کەسە دەزانێ کە تاوانەکە ئەنجامدەدرێ یاخود کێ تاوانەکەی ئەنجامداوە، بەڵام لەبارەی ڕوودانی تاوانەکە خۆی بێدەنگ دەکات. بە مانایەکیتر بەشداریکردن لە تاوانی ئەلیکترۆنی لەوانەیە، بەشداری نەرێنی بێت، کە بە بێدەنگی لەلایەن ئەو کەسانەوە بێت کە دەزانن تاوانەکە ڕوویداوە، بەڵام خۆیان بێدەنگ دەکەن و ئاسانکاری بۆ تەواوکردنی تاوانەکە دەکەن، یان لەوانەیە بەشداری ئەرێنی بێت، و یارمەتی و هاوکاری ماددی یاخود تەکنیکی ئەنجامدانی چالاکیە ئەلیکترۆنیەکە بکەن (المومني، ۲۰۰۸: ۵۸)

لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمپیوتەر، بە دیاریکراوی بەر لەوەی کۆمپیوتر بە هێڵەکانی ئەنتەرنێت ببەسترێتەوە، تاوانەکانی کۆمپیوتەر تەنیا ناوخۆیی بوون، واتە، تەنها لە ڕێگەی پسپۆڕانی کۆمپیوتەر ئەنجامدەدران، بکەرەکانی بریتیبوون لە: ئەو کەسانەی کە دانەری بەرنامە و پرۆگرامەکان بوون، فەرمانبەرانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و داخیلیکردنی ئەو داتایانە لە کۆمپیوتەر، شیکەرە و چارەسەرکارانی کێشەکانی کۆمپیتەر. بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت، ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە بە شێوەیەکی دەرەکیش هاتە کایەوە و لەلایەن کەسانی دەرەکییەوە ئەو جۆرە تاوانە ئەنجامدەدران (Allred,1985: 810)، لە ئەنجامی یەکێک لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە کە لە (۹۰٪) تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کە ئابوورین لەلایەن فەرمانبەرانی خودی ئەو ئەو کۆمپانیایانەوە ئەنجام دەدرێن کە بوونەتە قوربانی، هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە ئەمەریکای باکوور و ئەورووپا ئەنجامدراوە، دەرکەوتوە کە لە (۷۳٪)ی ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی کۆمپیوتەر دەبێتەوە سەرچاوەی تاوانەکە ناوخۆییە، و تەنها لە (۲۳٪)ی چالاکییە تاوانییەکان دەرەکین (أحمد،۲۰۲۱: ۸۰)

تاوانە ئەلیکترۆنییەکان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەتن کە لە تاوانە کلاسیکەکان جیایان دەکاتەوە. تایبەتمەندییەکان کە لەم توێژینەویە دەیان خەینەڕوو ئەمانەن: ئەنجامدانیان ئاسانە و پێویستی بە هێز و توندوتیژی نییە، بەڵکو زیاتر پێویستی بە شارەزایی تەکنیکی و زیرەکییە. ئەم تاوانانە سنووری دیاریکراوی جوگرافییان نییە و دەتوانرێت لە هەر شوێنێکەوە ئەنجام بدرێن. ئەستەمی ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانبار، کە ئەمە دژوارییەکی گەورە دروست دەکات بۆ دۆزینەوە و سزا دان. هەروەها خێرایی ئەنجامدان و بڵاوبوونەوەی زیان و کاریگەرییەکانی زۆرە، بە تایبەتی لە کاتی بڵاوکردنەوەی زانیاری یان وێنە. جگە لەوەش؛ ئەم تاوانانە زۆرجار بە شێوەی ڕێکخراو و گرووپی ئەنجامدەدرێن و

پەیوەندییان بە تۆڕە جیهانییەکانەوە هەیە. هەر یەک لەو تایبەتمەندییانەش ڕەنگە ببنە پاڵنەر و یارمەتیدەری بکەری تاوان لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە.

**شەشەم: پاڵنەرەکانی کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان:**

**١- ژینگەی خێزان:**

لە نێوان زانایاندا ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی کە خێزان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی هەیە لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی تاک و گەشەکردنی توانا دەروونییەکانی و ئاڕاستەکردنی داهاتووی، بەتایبەتی لە سەردەمی منداڵی و سەرەتای گەنجیدا (علي و عثمان، ١٩٩٤: ٢٨٦) لە واقیعدا هیچ منداڵێک نییە کە مەیلی زگماکی حەتمی بۆ تاوان یان هەر ڕەفتارێکی تاوانی هەبێت. خێزان وەک دامەزراوەی یەکەم کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ڕەفتاری سەربەخۆی منداڵ هەیە. لە خێزاندا پێکهاتەی کەسایەتی منداڵ پێکدێت و بەها، نەریت، ویژدانی ئایینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی تێدا دروست دەبێت. ئەگەر دیسیپلین لە خێزاندا لەسەر ئاستی ئایینی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت و دایک و باوک ئەرکی پەروەردەیی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن، منداڵ کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت و بەهاکان تیایدا جێگیر دەبن. ئەمەش وای لێدەکات ملکەچی سیستەم و یاسا بێت، ئەمەش وادەکات کە پاڵنەری بۆ ئەنجامدانی تاونی ئەلیکترۆنی نەبێت (الردايدة، ٢٠١٣: ٢١٤) چەندین لێکۆڵینەوە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سروشتی پەیوەندییەکان، داب و نەریت و بەها ئەخلاقییەکان کە لە نێوان ئەندامانی خێزاندا زاڵن، تا ڕادەیەکی زۆر بەشدارن لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری منداڵان. ڕەنگە خێزان لە ڕووی باری داراییەوە خراپ نەبێت، بەڵام ڕەنگە لە ڕووی دەروونییەوە شکابێت بەو مانایەی کە پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانی بە هۆی زۆر هۆکارەوە جێگەی ڕەزامەندی نییە، وەک نەبوونی خەمخۆری، سۆز، پشتگوێخستن، دڕندەیی، لایەنگری، کۆنترۆڵکردن یان خۆبەزلزانین، بەو مانایەی کە داب و نەریت و بەها باوەکان لە خێزانەکەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە قبوڵ ناکرێن. تێبینی ئەوە کراوە کە ئەم درزە دەروونییە و ئەو جۆرە تایبەتمەندییە خراپانە زۆرجار تایبەتمەندی بنەماڵەی تاوانبارانە، بەتایبەتی نەوجەوانان، چونکە هەموویان هۆکارێکن کە لەبار نین بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دروستی منداڵان(علي و عثمان، ١٩٩٤: ٢٩٠). هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا، بۆمان دەردەکەوێت کە بەڵگەی زۆر هەیە کە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ڕەفتاری تاوانکاری لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە فێری دەکرێت کە لەسەر بنەمای نموونە یان نمونەی پێشکەشکراو لەلایەن ئەندامانی خێزانەوەیە (عبده،٢٠٠٨: ٧٢-٧٣)

(دۆناڵد تافت) کاریگەری تاوانی ئەندامانی ناوماڵ لەسەر تاوانکاریی بەگشتی لەنێویشدا تاوانی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی ڕوونکردەوە، کاتێک بە وردی ڕۆڵی خێزانی وەک فاکتەری تاوانکاری خستەڕوو و ڕایگەیاند، "ڕوونترین بەڵگە کە پێگەی خێزانەکە ڕەنگە تاوانباری زیاد بکات، کاتێکە کە دەزانرێت شێوازەکانی تاوانباری لەناو خودی خێزانەکەدا بەدەست هاتووە، هەروەها منداڵان بەبێ پەروەردەی ڕاستەوخۆ، مۆدێلی تاوانباری بەدەست دەهێنن بە لاسایکردنەوەی ڕەفتاری هاوشێوە لەلایەن دایک و باوک یان ئەندامانی تری خێزانەوەکەوە (خليل،٢٠٢١: ٤٣٣). ڕەنگە ڕۆڵی خێزان لایەنی سێیەمی هەبێت لەو شتەی کە پێی دەوترێت ئیستغلالکردنی تاوانکاری، واتە دایک و باوک منداڵەکان وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی پلانە تاوانکارییەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، دوای ئەوەی بیرۆکەی تاوانەکە لەواندا سەر هەڵدەدات و ئامادە دەبن بۆ پلانەکەی، ئەوان منداڵەکانیان وەک ئامرازێک هەڵدەبژێرن کە لە ڕێگەیەوە تاوانی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدەن (خليل،٢٠٢١: ٤٣٤)

هەروەها نەبوونی یەکێک یان هەردوو دایک و باوک لە خێزانەکە لە ڕێگەی مردن، جیابوونەوە، یان وازهێنانەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی نەوجەوانەکە بڕوات بۆ ئەنجامدانی تاوان، هەروەها بەهۆی لەدەستدانی چاودێری پێویست، واتە لە نەبوونی دایک و باوکدا، یان بەهۆی لاوازی چاودێریکردنی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانی. بە هەمان شێوە، نەوجەوانێک لەوانەیە لە غیابی دایک و باوکیدا ڕەفتارێکی باش پەرەپێبدات ئەگەر چاودێری گشتگیر لە خزمێکی یان کەسێکی دیکە وەربگرێت کە خۆبەخشانە ئەو کارە دەکات (إبراهيم،٢٠٠٩: ٥٨) هەروەها ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان ئەندامانی خێزاندا دروست دەبێت، پێکهاتەکەی تێکدەدات و مەترسی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١٠

دەکرێت لەلایەن منداڵەکان لێدەکرێت، مەترسیدارترینیان ناکۆکی نێوان دایک و باوکەکانە بە هۆکاری جۆراوجۆر، وەک جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، یان کولتووری نێوانیان، یان هەردووکیان یان یەکێکیان گەرم و گوڕ بوون، مەزاجاوی، لەڕادەبەدەر ئیرەیی، یان ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان یان کحول، یان یەکێکیان کۆنەپەرست بێت ئەوی دیکەیان لیبراڵە، یان یەکێکیان خۆپەرستە و ئەوی دیکەیان دەرەکییە، یان یەکێکیان بەخشندەیە و ئەوی دیکەیان ئیسرافییە، یان ناتەبایی سێکسییان. یان بەهۆی ناکۆکی نێوانیان لەسەر دەسەڵات لە خێزانەکەدا، یان داهاتی پێویستی باوک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی. خێزان بەپێی خواستەکانی دایک، یان بەهۆی ئەو ململانێیەی کە ڕەنگە لەلایەن کەسوکارەوە (إبراهيم،٢٠٠٩: ٦٢-٦٣)

توێژینەوەکانی زانایانی تاوان پشتگیریان لەم لێدوانە کردووە، لەوانە چەندین لێکۆڵینەوەی ئێلینۆر و شێلدۆن گلوک دەریانخستووە کە نزیکەی چوار لەسەر پێنجی تاوانبارانی نەوجەوان، ژنانی تاوانبار و ئەو پیاوانەی کە تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن سەر بەو خێزانانەن کە پێشتر هەندێک لە ئەندامەکانیان ڕێگاکەیان گرتووەتەبەر لە تاوان (علي و عثمان، ١٩٩٤: ٢٩٠).

لە کوردستانی عێراق تاوەکو ئێستا ڕەنگە خێزان یەکەمین و گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بێت، ڕۆڵی سەرەکی لە فێرکردن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری ئەندامەکانی هەبێت. ژینگەی خێزان گرنگیەکی زۆری لە ژیانی هەموو تاکێک بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەو ژینگەیەش کاریگەری دەکاتە سەر ڕەفتاری ئەندامانی. کاتێک خێزانێك پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی لێکترازابێت، دایک و باوک لەیەکتر جیابوونەتەوە، باری ئابووری خێزانەکە خراپ بێت، ئەندامانی خێزانەکە پێشینەی تاوانی هەبێت، پەروەردەکردنی تاکەکانی لاوازبێت و بەها و نەریتە و ڕەوشتە بەرزەکان جێبەجێنەکرێت، ئەمەش ڕەنگە ببێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی.

**٢- ژینگەی قوتابخانە**

ژینگەی قوتابخانە لەدوای خێزانەوە دووەم گرنگترین شوێنە لە پێکهێنانی کەسایەتی تاک، بەو پێیەی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر پێکهێنانی کەسایەتیەکەی و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی باش و خراپی دەبێت، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی مامۆستا یان مامۆستا لەگەڵ منداڵەکە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ هاوڕێکانی. مامۆستا ڕۆڵی کاریگەری لەسەر کەسایەتی قوتابی و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیدا هەیە. ئەم ڕۆڵە گرنگە ئەگەر مامۆستا هەڵوێستیکی ئەرێنی لەسەر کێشەکانی منداڵ بگرێتەبەر و لە بارودۆخی تایبەت و ژینگەیی تێبگات و کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بکات. بەهێزی کاریگەری ژینگەی قوتابخانە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و دایک و باوک، هەروەها قوتابی کاریگەری بەها و ئایدیاڵەکانی تر دەبێت جگە لەوانەی کە لە ژینگەی خێزانەکەیدا بەدەستی هێناوە و ناسیویەتی (قايد،١٩٩٠: ٢٠٠-٢٠١)

قوتابخانە ڕۆڵێکی گەورەی بنیاتنەری هەیە، کە بریتییە لە فێرکردنی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان و چاودێریکردنی ڕەفتارەکانیان لە قوتابخانەدا. ڕۆڵی قوتابخانە لە سنووری پەروەردە و گەیاندنی زانیاری بە خوێندکاران ناوەستێت، بەڵکو ڕۆڵەکەیان درێژ دەبێتەوە قوتابیان جگە لە وانە وتنەوە، فێری ئایدیاڵە بەرزەکان و بەها ئەخلاقییەکان دەکات، هەر بۆیە گرنگە مامۆستا ئاشنا بێت بە بنەماکانی دەروونناسی و بناغەکانی پەروەردەی مۆدێرن تا بتوانێت فێرخوازەکانی بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنمایی بکات و لە مەترسییەکانی لادان بەرەو ڕەفتاری تاوانکاری دووریان بخاتەوە. ئەگەر قوتابخانە ئەرکی پەروەردەیی و دیسپلینیی خۆی بە تەواوی ئەنجام بدات، ئەوە هۆکارێکە کە خۆی لە لادان لە نێوان قوتابیان بەدوور بگرێت. ئەنجامنەدانی ئەو ئەرکە یان نەبوونی ڕۆڵی کاریگەرانەی لە پەروەردە و دیسپلیندا ڕەنگە خوێندکاران بەرەو لادان و ڕەفتاری تاوانکاری ببات (ربيع و الأخرون، ٢٠١٠: ٩٠-٩١) جگە لەوەش، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە فێرخواز لەگەڵ هاوپۆلەکانی دیکەدا هەیەتی، ڕۆڵیان هەیە لە تووشبوونی قوتابی بە ئەنجامدانی تاوان، خوێندکار لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا، تەنانەت لە تەمەنی هەرزەکاریدا، مەترسیی هەیە کە ئەگەر فێرخوازەکە یەکێک لە هاوپۆلە لادەرەکانی وەک نمونە هەڵبژێرێت، وەک ئەوەی یەکێک یان گرووپێک لە هاوپۆلەکانی هەڵبژێرێت کە یاخیبوون لە بەهاکانی خوێندن و بیانەوێت پێشێلکاری بکەن و سەرپێچی لە فەرمانەکان بکەن (الحسيني، ٢٠١٣: ٢٤٢)

یەکێکیتر لە پاڵنەرەکان بۆ تاوانی ئەلیکترۆنی ئارەزووی فێربوونە. ئارەزووی چڕ بۆ فێربوونی هەموو شتێک کە پەیوەندی بە سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە هەیە، ڕەنگە پاڵنەر بێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی. پرۆفیسۆر لیڤی لە کتێبەکەیدا بەناوی System Hackers ئاماژە بە ئەخلاقی ئەم هاکەرانە دەکات کە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە چوونە ناو سیستەمی کۆمپیوتەر دەتوانێت فێرت بکات کە جیهان چۆن کاردەکات و کەسانێک هەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری نوێ تاوانی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن (الركابي،٢٠٢٠: ٥٧) بەهەمان شێوە، پاڵنەری خۆ دەرخستن یاخود ناوبانگ یەکێکیترە لە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی لەناو گرووپی هاوڕێیان، لەوانەش هاوڕێیانی قوتابخانە، کە تیایدا مرۆڤەکە لە ڕووی دەروونیەوە پاڵنەری بە ناوبانگبوون و حەزی خۆ دەرخستنی هەیە و لە ڕووی کۆمەڵایتیشەوە ئارزووی بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز دەکات، بۆیە ئەمانە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی لە ئێستادا کە خەڵک تا ڕادەیەک تەنیا گرنگی بە پێگەی کەسەکە دەدەن نەوەک بەو ڕێگایەی کە ئەو کەسە پێیدا ڕۆیشتیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێگەیە (الشارفي،٢٠٢٤: ٥٠-٥١)

هەروەها دەکرێ پرۆگرامەکانی خوێندن ڕۆڵی سەرەکی بگێرن لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری قوتابیدا. بۆیە بەهۆی مەترسی گەورەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان حکومەتی عێراق هەوڵدەدا بەشی تایبەت بە چۆنیەتی پاراستنی ئاسایش تاک و ئاسایشی نیشتیمانی لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە زانکۆکان بکاتەوە (الخزعلي،٢٠٢٥: ٢١٠). هەروەها پەروەردە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە زیادبوونی تاوان، بەو پێیەی ئاسۆی نوێ بۆ کەسەکە دەکاتەوە بۆ پێشێلکردنی یاسا، ئەمەش ئامادەیی تاوانکاری تاوانبارانی تەواو بەهێز دەکات. هەروەها بیرۆکەی نوێ بۆ کەسەکە دەڕەخسێنێت کە وا دەکات تاوانەکە بە شێوەیەک ئەنجام بدات کە دەستنیشانکردنی تاوانبارەکە قورس بێت.لایەنگرانی ئەم ڕەوتە پێیان وایە بەرزی ئاستی خوێندن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگادا. ئەوان دەڵێن پەروەردە زانیاری دەدات بە کەسێک کە یارمەتی دەدات تاوانە ئەلیکترۆنییەکان ئەنجام بدات بە شێواز و شێوازی تەکنیکی ورد کە دەستنیشانکردنی تاوانبارەکە قورس دەکات. هەروەها پشتیان بەو شتانە بەست کە ئامارەکان لە هەندێک وڵاتدا ئاماژەیان بە کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی نەخوێندەواری کردووە بەبێ ئەوەی کەمبوونەوەی بەرچاوی هاوتا لە ڕێژەی تاوانەکاندا هەبێت (المراغي،٢٠١٨: ٣٠٤) هەندێک جار بەهۆی ململانێی خوێندن و دەرچوون بە پلەی باڵا یان دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان قوتابیان یاخود قسەپێگووتن و شکاندنەوەی قوتابیەک لەلایەن قوتابیەکی تر ببێتە هۆی ڕق لێبوونەوە لەو جارە کەسانە، ئەمەش وادەکات ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی، واتە: ڕق لێبوونەوە وا لە هەندێک قوتابی دەکات کە تاوانی ئەلیکترۆنی بەرامبەر بە قوتابیەک یەن چەند قوتابیەکی تر ئەنجامبدات (محمد،٢٠١٥: ٣٨).

ژینگەی قوتابخانە کاریگەری زۆری بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر قوتابی هەیە، ئەگەر ئەو ژینگەیە، ژینگەیەکی خراپ بێت، پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی یاخود نێوان قوتابیەکان خراپ بێت، ململانێیەکی نادروست لەنێوانیان دروست دەکات، لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن گرنگی بە بابەتی پەروەردە نەدرێت، کێشەکانی قوتابیان چارەسەر نەکرێن، قوتابیەکان هەوڵی تۆڵەکردنەوە لەیەکتری بدەن لەڕێگای هاککردن و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی خراپ و زڕاندنی ناوبانگ. هەروەها خراپی باری ئابووری قوتابی لەلایەکیتر دەشێ ببێتە پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی لەلایەن قوتابیان.

**٣- ژینگەی هاوڕێ**

گومانی تێدا نییە کە کەسێکی پێگەیشتوو لە هەڵبژاردنی هاوڕێکانیدا، کۆمەڵێکیان هەڵدەبژێرێت کە لە تەمەنی خۆیدا نزیکبن و لە ئارەزوو و ڕەوتەکاندا هاوڕان، جا ئەو هاوڕێیانە دراوسێی ئەو گەڕەکە بن کە تێیدا دەژی یان لە ژینگەی قوتابخانە و کاردا بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کاتەکانی بەتاڵی لەگەڵیان بەسەر ببات. خێزان و قوتابخانە و بارودۆخی کارکردن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دیاریکردنی ئەم هەڵبژاردنە، و ئەم هاوڕێیانە بە پێی گۆڕانی قۆناغی ژیان دەگۆڕدرێن و کاریگەرییان لەسەر کەسایەتییەکەی بەندە بە جۆر و مەیلی ئەم هاوڕێیانەوە کە هەڵبژێردراون (ربيع و الأخرون، ٢٠١٠: ٩٠-٩١)، ئەو کۆمەڵە هاوڕێیە ناگۆڕێت بۆ باندێکی تاوانبار مەگەر لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەی

کە پاڵیان پێداوە بۆ ئەم ڕێگایە. لە گرنگترین هۆکارەکان ئەو مامەڵە خراپەیە کە نەوجەوانەکە لە خێزان یان لە قوتابخانەدا تووشی دەبێت، یان ئەو بێبەشییەی کە لە ئەنجامی هەژاریی سەرۆکی خێزانەکەیدا تووشی دەبێت، یان شکستی خوێندکار لە خوێندن و نەتوانێت لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا بگونجێت (القاضی،٢٠١٣: ١٥٧).

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت ڕەفتاری تاوانکاری ئەنجام بدەن، تێکەڵبوون، ئەزموون و کارلێککردنە لەگەڵ هاوڕێی خراپ، بەتایبەتی هاوەڵانی لادان و خراپەکاری ناوچەی نیشتەجێبوون و هاوڕێکانی قوتابخانە. ئەنجامەکانی بەشێک لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەریدەخەن کە فاکتەری هاوڕێی خراپ پاڵ بە نەوجەوانانی تاوانبارەوە ناوە بۆ ئەنجامدانی پێشێلکاری ئەخلاقی، تاوان دژی ئەخلاقی گشتی و شەرەف. گەنجان بە خێرایی لە ژێر کاریگەری هاوڕێ و هاوەڵەکانیان دەبن کە لە ڕووی تەمەن، کولتوور، مەیلی، ڕەوت و سەلیقە جیاوازیان لەگەڵیان نییە. ئەوان زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەو هەڤاڵانەدان وەک ئەوەی لە ژێر کاریگەری باوک و دایک و مامۆستایاندا بن. کاتێک ڕەفتار و ئەخلاقی هاوڕێکانیان خراپ و لادان بێت، خێرا بۆیان دەگوازرێتەوە و لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کارلێککردندا کۆنترۆڵیان دەکەن (الحسن،٢٠٠٨: ٣٣٦) هەروەها زۆر جار ناخۆشی و گرفت یاخود بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنە لەنێوان هاوڕێیان بەتایبەتی لەناو گرووپی هاوڕێیان لە ئەپەکانی سۆشیال میدیا، دەبێتە پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی، چونکە لەلایەک ئەو کەسە تووشی شەمەزاری دەبێت لەلایەن هاوڕێکانی و لەلایەکیتر لەڕووی دەروونییەوە پاڵنەری تۆڵە سەندنەوەی بۆ دروستدەبێت، کاتێک کە ئەو پاڵنەرانەش کارلێک دەکەن و کاریگەری لەسەر کەسە دروودست دەکەن وادەکات ئەو کەسە بچێت تاوانێکی ئەلیکترۆنی بەرامبەر بە هاوڕێیەکی یان چەند هاوڕێیەکی ئەنجامبدات، بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە، بەتایبەتی کاتێک تاوانبار چێژ لە زیانگەیاندن بە قوربانییەکە وەربگرێت و گوێ لە داوای لێبوردنەکانی و گریانەکەی بگرێت، پاشان تاوانبارەکە وێنەی قوربانییەکە دەگرێت و داوای لێدەکات ناوی خۆی یان هەر داتایەکی پەیوەندیدار بەوەوە باس بکات. هەروەها ڕەنگە پاڵنەری تاوانبار تۆڵەکردنەوە بێت لە قوربانییەکە بە زیانگەیاندن بە قوربانییەکە و زیانگەیاندن بە ناوبانگەکەی بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە (الزيدي،٢٠٢٠: ٢١) بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوەی (سعيد،٢٠٢٣: ١٠٦) یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان تۆڵە سەندنەوە و ناوزڕاندنی کەسەکانە.

بە پێچەوانەش ڕاستە دەکرێ لە جیاتی فاکتەری تۆڵە سەندنەوە فاکتەری هاوکاری کردنی یەکتری لەناو گرووپی هاوڕێیان ببێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی، کە تیایدا کەسێک یان چەند کەسێکە ناتوانن تاوانەکە بکەن بەڵام هاوڕێیەکیان کە توانای ئەنجامدانی هەیە یارمەتیان دەدات و بەیەکەوە تاوانە ئەلیکترۆنییەکە ئەنجامدەدەن. یەکێک لەو جۆرە تاوانانەش کە زۆر ئەنجامدەدرێت، تاوانی دزینی زانیارییە تایبەتیەکانی کەسەکانە (الخالیدي،٢٠٢٣: ٣٣) هەروەها هەندێک جار پاڵنەری خۆ دەرخستن دەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی بەتایبەتی لە تاوانی دزینی زانیاری، کاتێک تاوانەکان ئەلیکترۆنیەکان بوارێک پێکدەهێنن کە لە ڕێگەیەوە تاوانبار دەتوانێت بیسەلمێنێت کە لە دزەکردنی سیستەمی کۆمپیوتەر و زانیاریدا باڵادەستە و هەرکاتێک بیەوێت و بەپێی بڕیاری خۆی دەتوانێت بچێتە ناو هەر تۆڕێکەوە. (عباس،٢٠١١: ١٦٨)

هەندێک جار حەزی لاسایکردنەوەی هاوڕێیەک کە تاوانی ئەلیکترۆنی کردووە وادەکات کە کەسێک تاوانی ئەلیکترۆنی ئەنجامبدات. فێربوون، لاساییکردنەوە و فێربوونی کارامەییەکانی سیستەمی کۆمپیوتەر، هاندەرێکی زیاترە بۆ پەیوەندی و کارلێککردن لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا یان تۆڕەکانی زانیارییەوە، بەم شێوەیە پرۆسەی فێربوون وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە جۆرێک لە کارلێککردن هەیە بۆ بەدەستهێنانی فێربوون، کە لە بەرامبەردا پاڵنەرێکە بۆ تاوانی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کۆمپیوتەرەکانی تر و هاککردنی بە شێوەیەکی مەبەستدار یان خۆبەخۆ لە سەرەتاوە. بۆیە فێربوونی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی لە ژینگەی مەجازیدا پەیوەستە بە خاڵە ئەلیکترۆنییەکانەوە کە لەلایەن تاوانبارانی پیشەیی یان پسپۆڕەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە جۆرێکی

دیاریکراوی بەرنامە بەرەوپێش دەبەن، کە ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ فێربوونی بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی شێوازی نوێی تاوانی ئەلیکترۆنی، یان بەشداریکردن لە باندە تاوانکارییە ئەلیکترۆنییەکان، کە دەبێتە هۆی جۆرێک لە پیشەییبوون لە بوارێکی دیاریکراوی تاوانی ئەلیکترۆنیدا، و لەوانەیە ببێتە هۆی فراوانبوونی مەودای تاوانی ئەلیکترۆنی (بورشاق،٢٠٢٢: ٢٤٨-٢٤٩)

بوونی هاوڕێیەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا شتێکی حەتمییە و زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا هاوڕێیەک یان چەند هاوڕێیەکی هەیە، کە خەسڵەت و تایبەتمەدییەکانیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێک نزیکە. ژینگەی هاوڕێیەتی کاریگەری دەکەنە سەر ڕەفتاری تاک و ئاڕاستەی دەکەن بەرەو ئەنجامدانی کرداری باش یاخود ئەنجامدانی ڕەفتاری نا یاسایی، کاتێک کە ژینگەی هاوڕێیەتی ژینگەیەکی لادەر دەبێت، دەبێتە سەرچاوەی فێربوون و چاولێکەری و هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان، لە نێویاندا تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

**٤- ژینگەی کار**

لە ڕاستیدا کەس ناتوانێت گرنگی هۆکارە ئابوورییەکان لە داڕشتنی ڕەفتاری مرۆڤدا پشتگوێ بخات، جا ئەم ڕەفتارە ئاسایی بێت یان لادان. بەڵام توێژەری زانستی دەبێت لە چوارچێوەی ئەو بوارە گشتییەی کە تیایدا کار لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەکرێن، ڕۆڵی ئەو هۆکارە ئابوورییانە ڕوون بکاتەوە. ئەم بوارە ژیانییە دوو توخمە بنەڕەتییە لەخۆدەگرێت: خودی ژینگە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە تاکەکان خۆیان چۆن توخمەکانی ئەم ژینگەیە لێکدەدەنەوە کە تێیدا دەژین. بەپێی ئەم شیکارییە یەکگرتووە، چەمکی پاڵنەری ئابووری دەبێتە چەمکێکی ڕێژەیی، پەیوەستە بە هەستی تاکەکەسی خۆی بە پێویستی بە شتێک، و ڕادەی هەستی بێبەشبوونی بەهۆی لەدەستدانی ئەم شتە (الدوري،١٩٨٤: ١٠٧-١٠٨)

توێژەران لە توێژینەوە ئابوورییەکانیاندا پشت بەو شتانە دەبەستن کە لە ئامارە فەرمییەکانی تاوانکارییەوە بۆیان دابین دەکرێت، کە زۆرجار ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێک پەیوەندی لە نێوان تاوان و نزمیی ئاستی ئابووریی تاوانبارانەدا هەیە. هەروەها ئاماری دیکەش هەن کە ئاماژەن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان لە هەندێک وڵاتدا کە بارودۆخی ئابوورییان بە خۆشگوزەرانییەکی ڕوونی ئابووری دەناسرێتەوە و ئامارەکانی دیکەش ئاماژەن بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان لە زۆرینەی کۆمەڵگە بچووکەکانی گوندنشین کە ناتوانرێت دۆخی ئابوورییان وەسف بکرێت وەک خۆشگوزەرانی ئابووری، و لەبەر ئەم هۆکارە ناتوانرێت بڵێین پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕواڵەتی لە نێوان هەژاری و تاواندا هەیە (الدوري،١٩٨٤: ١٠٧-١٠٨) لەبەر ئەوە زانای هۆڵەندی (بونجیبە) پێیوایە؛ تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارەکەشی ئابوورییە، بەتایبەتی سیستمی سەرمایەداری، چونکە ئەو هێزەی سیستمی سەرمایەداری دروستی دەکات لە کۆمەڵگادا کاریگەری دەکاتە سەر هەڵس و کەوت و هەستی تاکەکان و بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریان دەبات (عەبداللە،٢٠١٠: ٨٤)

هەندێک لە توێژەران پێیانوایە پەیوەندیی نێوان هەژاری و تاوان ناڕاستەوخۆیە، چونکە هەژاری دیاردەیەکی ئاڵۆزە، پەیوەستە بە هەندێک دیاردەی ترەوە، وەک بێکاری و دامەزراندنی منداڵ و دامەزراندنی دایکان. نە هەژاری بە تەنیا، نە بڕی داهات بە تەنیا، نە هیچ هۆکارێکی ئابووری بە تەنیا، یان بارودۆخێکی ئابووری بە تەنیا، ناتوانێ هۆکارێکی ڕاستەوخۆی دروستبوونی ڕەفتاری تاوانکاری یان لادان بێت (الدوري،١٩٨٤: ١٠٧-١٠٨) بەهەمان شێوە زانای هۆڵەندی ویلیام بونجر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا بۆی دەرکەوتووە کە هەندێک هۆکاری ئابووری کاریگەری خراپیان لەسەر ئەنجامدانی تاوان هەیە،وەک هەژاری و بێکاری(عدلي، ٢٠٠٩: ٢٥)

هەندێ جۆر لە کار و پیشە هەیە کە وا لە کەسانی دیکە دەکات کە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن، زیاتر بەرەوڕووی فێربوونی ڕەفتاری تاوانکاری دەبنەوە یان ئاسانکاری دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری بکەن دەرفەتی ئەنجامدانی هەندێک تاوان بۆ نموونە ئەو کەسانەی لەبواری چاکردنەوەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کاردەکەن دەرفەتی شارەزبوون و زانینی ڕێگاکانی ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی زۆر بەباشی شارەزادەبن (الحسیني، ٢٠١٣: ٢٤٦) هەروەها کارکردن دەرفەت بۆ کەسێک دەڕەخسێنێت کە پەیوەندی لەگەڵ هاوکارەکانی دیکەدا بکات لەو پیشەیەی کە پراکتیزەی دەکات، بەبێ

گوێدانە ئاڕاستەكانیان، لەوانەش كەسانی باش و خراپ پەیوەندی ئاشنابوون و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا سەرهەڵبدات لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەدا، هەروەها ڕەنگە هەستی دووركەوتنەوە و دوژمنایەتی دروست بكات، ئەمەش هەندێك كێشە دەوروژێنێت كە پاڵ بە كەسێكەوە دەنێت بەرەو ڕەفتاری تاوانكاری كە دیارترینیان بریتین لە: ڕاهێنان و پراكتیزەكردنی كارەكە، و شكستهێنان لە ئەنجامدانی (الوريكات،٢٠٠٨: ٣٥٥)

بەشێك لە تاوانە ئەلیكترۆنییەكان بەهۆی پاڵنەرە ئابوورییەكانەوەیە، وەك چۆن لە هەندێك تاوانی دەستدرێژیكردنە سەر خەڵكدا هەیە. ئەم تاوانانە پەیوەندییان بە هۆكارە ئابوورییەكانەوە هەیە و ڕوونكردنەوەی ئەمەش ئەوەیە كە ئەو حاڵەتەی ناڕەحەتی یان ناڕەحەتی دارایی كە هەندێك كەس بەدەستیەوە دەناڵێنن، لە ئەنجامدا گرژی دەروونی دروست دەكات كە كاریگەری لەسەر تاك و خێزانی چالاكییەكان و دڵەڕاوكێ لەبارەی داهاتووەوە دەبێت. لەوانەیە ئەم جۆرە هەستانە پاڵ بنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەكە (الزواهرة،٢٠١٢: ٣٦) بەڵام بەپێی چەندین لێكۆڵینەوە كە لەلایەن نیسیفورو، بۆسكۆ و فۆرناساری لە ئیتالیا، لافارج و ڕاوتتری لە فەرەنسا، كور و لافارگ بوث لە ئینگلتەرا، ثورستن سیللین و بارمیلی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەنجامدراون، لە ئەنجامەكاندا دەركەوتووە كە هەژاری هۆكارێكە كە هەرگیز ناتوانرێت چاوپۆشی لێبكرێت لە بەرزكردنەوەی ڕێژەی تاوان، لە هەندێك كەرتدا، بەتایبەتی لە تاوانەكانی دەستدرێژیكردنە سەر پارە و مرۆڤەكان (عبيد،٢٠١٦: ٢٢٥)

